تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5917) پێنج شەممە 23ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە پارێزگاری موسەننا و شاندێکی یاوەری دەکات

پارێزگاری موسەننا: خەڵکی سەماوە و پارێزگای موسەننا سۆزێکی تایبەتیان بۆ سەرۆک بارزانی هەیە



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ئەحمەد مەنفی جەودە پارێزگاری موسەننا و شاندێکی یاوەری کرد.

لەو دیدارەدا بارودۆخی سیاسی و دواپێن پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق تاوتوێ کران. هەروەها پارێزگاری موسەننا سوپاسی هەڵوێست و خەمخۆریی سەرۆک بارزانی کرد لەمەڕ قەیرانەکانی عێراق و هەروەها یارمەتیدانی پارێزگاکانی باشووری عێراق و ڕایگەیاند کە خەڵکی سەماوە و پارێزگای موسەننا سۆزێکی تایبەتیان بۆ سەرۆک بارزانی هەیە.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا دۆخی عێراق و ناوچەکەیان تاوتوێکرد

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکاو پەرەپێدانیان بەتایبەتی لەبواری هاریکاریی وزەدا تاوتوێکران



بڕیارە ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆببێتەوە

ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی کۆبووەوە

ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی ژمێریاریی و وردبینی لە هەرێمی کوردستان پەسەند کرد



دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا. لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، پرۆژەی پەیڕەوی پیادەکردنی پیشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاریی لە هەرێمی کوردستان – عێراق خرایەڕوو کە تایبەتە بە پیشەی ژمێریاریی یاسایی کە کاری وردبینی لە بودجەی کۆمپانیاکان دەکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی باج.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

دیدارێکی گرنگ

سەلام عەبدوڵڵا

لە سەروبەندی پەنجاهەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە (دافۆس)، هەرێمی کوردستانیش بە شاندێکی باڵا، کە لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەشداری ئەو کۆڕبەندە گرنگە بوون.

ئەم بەشداربوونەی ئەمجارە سەنگ و بایەخێکی تایبەتی هەبوو، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراقیش لەوێ بوو، بە شاندێکی سەربەخۆ بەشداریکرد کە ئەویش پێگەی گرنگی هەرێمی کوردستانی نیشاندەدات بەتایبەتی کە سەرۆکی زلهێزترین وڵاتانی جیهان کە ئەمریکایە لەلایەن سەرۆکەکەیەوە پێشوازییەکی گەرم کراو کاتێکی باش بۆ ئەو دیدارە تەرخانکرا.

هەرێمی کوردستان هەر لە هاتنی داعشەوە بۆ نێو عێراق هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەرانبەر ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بەڕوونی دیارکرد و هەر زوو لە ماهیەت و مەبەست و ئامانجی ئەو تیرۆریستانە تێگەیشت و سەنگەری لێ گرتن، کە لێرەدا ڕۆڵی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان و شەڕی بەرانبەر داعش بەرز دەنرخێنین.

زیاتر لەلاپەرە دوو بخوێنەوە

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە پارێزگاری موسەننا و شاندێکی یاوەری دەکات

پارێزگاری موسەننا: خەڵکی سەماوە و پارێزگای موسەننا سۆزێکی تایبەتیان بۆ سەرۆک بارزانی هەیە



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە پارێزگاری موسەننا و شاندێکی یاوەری کرد.


لەو دیدارەدا بارودۆخی ناڵەباری سیاسی لە عێراق داوایان کرد کە سەرۆک بارزانی ڕۆڵی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە قوڵەی کە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە.

یارمەتیدانی پارێزگاکانی باشووری عێراق و ڕایگەیاند کە خەڵکی سەماوە و پارێزگای موسەننا سۆزێکی تایبەتیان بۆ سەرۆک بارزانی هەیە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا شاندی میوان وێڕای ئاماژەدان بە سیاسی و دواپێن پێشهات و پەرەسەندنەکانی عێراق تاوتوێ کران. هەروەها پارێزگاری موسەننا سوپاسی هەڵوێست و خەمخۆریی سەرۆک بارزانی کرد لەمەڕ قەیرانەکانی عێراق و هەروەها

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەک نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد

جەخت لەسەر قوواڵتەرکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی پارێزگای نەینەوا کرایەوە



دوێنێ چوارشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە ژمارەیەک نوێنەری پارێزگای نەینەوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کرد. لە دیدارەکەدا کە د. بەشیر حەداد جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقیش ئامادەی بوو، بارودۆخی شاری مووسڵ و ناوچە جیاجیاکانی پارێزگای نەینەوا و ژیان و گوزەرانی ئاوارەکان و کارکردن بۆ گەڕانەوەی خەڵک بۆ ناوچە ئازادکراوەکان تاوتوێ کران.

لە بەشێکی ئەو دیدارەدا شاندی میوان سەرۆک بارزانییان لە کێشە و گرفت و داواکارییەکانی پێکهاتەکان ئاگادار کردەوە و ڕاشیانگەیاند کە دانیشتوانی پارێزگای نەینەوا چاوەیان لەوەیە کە سەرۆک بارزانی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانیان بۆ بدات. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا قوربانیدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بەرز نرخێندرا و جەخت لەسەر قوواڵتەرکردنی بنەماکانی پێکەوەژیانی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی پارێزگای نەینەوا کرایەوە.

ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی کۆبوونەوە

جەخت لەسەر بەکارهێنانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و ئۆتۆمبێلەکانی حکوومەت بۆ بەرژەوەندیی گشتی کرایەوە



دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئامادەبوونی قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆک وەزیران کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا، پرۆژەی پەیڕەوی پیادەکردنی پێشەی چاودێری و وردبینی ژمێریاری لە هەرێمی کوردستان - عێراق خرایەڕوو کە تایبەتە بە پیشەی ژمێریاری یاسایی کە کاری وردبینی لە بودجەی کۆمپانیاکان دەکەن بە مەبەستی ڕێکخستنەوەی باج.

سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە وەک بەشێک لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چاکسازیکردن لە داهات و بۆ ڕێگەگرتن لە خۆدزینەوە لە دانی باج و ڕەسمی گومرگی کە بەشێکی داهاتی گشتی پێکدێنن ، هەروەها لە پێناو گەیشتنی فەرمانگەکانی باج و گومرگ بە زانیاریی دروست سەبارەت بە داهاتی پڕۆژەکانی باجدەران، پێویستە بارودۆخی ئالەباری سیاسی لە عێراق داوایان کرد کە سەرۆک بارزانی ڕۆڵی هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە قوڵەی کە ئێستا لە عێراقدا لە ئارادایە.

دامەزراوەکانی حکوومەت و کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بە شێوەیەکی پیشەییانە و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکاندا وردبینی تەواو لە ژمێریارییەکانیاندا بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری لەپێناو ئاسانکاریکردن لە کاروباری باجدا. هەروەها پەیمانگای بالای پێگەیاندنی ژمێریار و وردبینانیش بخرێتە سەر وەزارەتی خوێندنی باڵا و تویژینەوەی زانستی، بۆ پێگەیاندنیان بە شێوازێکی ئەکادیمیانە و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکانی. دوای گفتوگۆکردن دەربارەی پرۆژەی پەیڕەوەکە، ئەنجوومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ پەسەندی کرد.

ئەنجوومەنی وەزیران لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، جەختی لە بەکارهێنانی موڵک و ماڵی دەوڵەت و ئۆتۆمبێلەکانی حکوومەت لە چوارچێوەی یاسا و ڕێنماییەکان بە جۆرێک کە تەنیا لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت و لەکاتی مامەڵە پێکردنیشیان ڕەچاوی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵک و ماڵی دەوڵەت بکرێت.

سەرۆک بارزانی بڕوسکەیەکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەی یاوەر نامق سالم دەکات

سەرۆک بارزانی بڕوسکەیەکی سەرەخۆشی ئاڕاستەی خانەوادەی کۆچکردوو(یاوەر نامق سالم) دەکات، لە پەیامەکەیدا هاوخەمی و سەرەخۆشی خۆی پێڕاگەیاندن بە بۆنەی کۆچی دوایی یاوەر نامق سالم، کە دەکاتە برای تێکۆشەر جەوهەر نامیق سالیم، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان

بۆ خانەوادەی یاوەر نامق سالم.

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (یاوەر نامق سالم) برای تێکۆشەری گەلەکەمان خوالێخۆشبوو (جەوهەر نامق سالم)مان پێ گەییشت. سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆم ئاراستەی ئێوەی ئازیز و تەواوی کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەم و خۆم بە هاوبەشی خەمتان دەزانم. لە خودای مەزن داواکارم خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات و سەبر و ئارامیش بە هەموو لایەک ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

مسعود بارزانی

22ی1ی2020

دیدارێکی گرنگ

سەلام عەبدوڵڵا

لە سەروبەندی پەنجاهەمین کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە(داڤۆس)، هەرێمی کوردستانیش بە شاندێکی باڵا، کە لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە سەرکردایەتی دەکرا، بەشداری ئەو کۆڕبەندە گرنگە بوون.

ئەم بەشداربوونەی ئەمجارە سەنگ و بایەخێکی تایبەتی هەبوو، بەتایبەتی کە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی شاندێکی باڵای حکوومەتی عێراقیش لەوێ بوو، بە شاندێکی سەربەخۆ بەشداریکرد کە ئەویش پێگەی گرنگی هەرێمی کوردستانی نیشاندەدات بەتایبەتی کە سەرۆکی زلهێزترین وڵاتانی جیهان کە ئەمریکایە لەلایەن سەرۆکەکەیەوە پێشوازییەکی گەرم کراو کاتێکی باش بۆ ئەو دیدارە تەرخانکرا.

هەرێمی کوردستان هەر لە هاتنی داعشەوە بۆ نێو عێراق هەڵوێستی ڕاشکاوانەی بەرانبەر ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە بەڕوونی دیارکرد و هەر زوو لە ماهیەت و مەبەست و ئامانجی ئەو تیرۆریستانە تێگەیشت و سەنگەری لێ گرتن، کە لێرەدا ڕۆڵی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ پشتیوانی لە هەرێمی کوردستان و شەڕی بەرانبەر داعش بەرز دەنرخێنین، چونکە بەو یارمەتییە کتوپڕەی ئەوان نەبوایە، هەرێم دووچاری دژواریەکی سەخت دەبوو، بەتایبەتی کە سوپای عێراق چەک و جبەخانەی(3) فیرقەی سەربازی خۆی بەمۆدێرنترین جۆر پێشکەوتوو، بەتەواوی بۆ بەجێ هێشتن. ئەگەرچی لە ماوەی ئەو چەندین ساڵەی شەڕی دژ بە داعش هێزی پێشمەرگەی کوردستان زیاتر لە 1700 شەهید و زیاتر لە **10000** هەزار بریندار دا، بەڵام بەسەرکەوتوویی و بە تێکشکانی داعش کۆتایی هات، ئەم ڕۆڵە بەرچاوەی هەرێم لە شەڕی دژ بە داعشدا جێی ڕێز و تەقدیری وڵاتانی شارستانی و دیموکراسی بوو، کە ئێستا وەک دەبینرێ گەلەکەمان لە هەرێمی کوردستان بەری ئەو قوربانیدانە دەچنێتەوە و ئەمڕۆ هەرێم یەکێک لە ئارامترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

هەرێم لەڕووی ئابووری و سامانی سروشتی بەتایبەتی نەوت و گازدا پێگەیەکی گرنگی جیهانی هەیە کە دەتوانرێ لە داهاتوودا هەم دابینی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکەکەی کات و هەم ئەو وزە گرنگەش بۆ وڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی ئەورووپا و ڕۆژئاوا دابین بکات. ئەم سەرکەوتنە بەرچاوەی هەرێمی کوردستان لە شەڕی داعش و دابینکردنی ئەو وزە گرنگە لە داهاتوودا بۆ جیهان لەو پێشوازییە گەرم و لەو دیدارە گرنگانەدا خۆی دەبینێتەوە کە لەلایەن سەرکردەکانی جیهانەوە بەرامبەر سەرۆکی هەرێمی کوردستان و شاندەکەی نیشاندەدرا.

ئەوەی دەمێنێتەوە بۆ پتەکردنی ئەو سەنگ و پێگەیەش تەنیا یەکێتیی ڕیزەکانی گەلەکەمانە لە ناوخۆ و یەکهەڵوێستییە بەرامبەر داهاتووی هەرێمەکەمان.

لە هەولێر یادی دامەزراندنی 74 ساڵەی کۆماری کوردستان کرایەوە

خەبات: هەولێر

دوێنێ چوار شەممە 22ی کانوونی دووەمی 2020 لە شاری هەولێر و لە هۆڵی پێشەوای وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بە ئامادەبوونی بەرپرسانی بەشێک لە حزبەکانی هەرێمی کوردستان و چەندین کەسایەتیی سیاسی و مامۆستایانی زانکۆ ناوەندی هاوکاری حزبەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر ناونیشانی کۆماری کوردستان ئەزموونێکی شکۆدار و هێمای یەکڕیزی نەتەوەییە بۆ بونیاتنانی سەروەریی نیشتیمانی، سیمینارێکی تایبەتی بە یادی 74ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان سازکرد.

لە سیمینارەکەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادەبوون، هەریەک لە حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستان. ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان. عبدوڵڵا ئازەرپوور، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستان قسەیان لەسەر گرنگی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ساڵی 1946 کرد و تیشکیان خستەسەر پێگە و کاریگەری کۆماری کوردستان لەو کاتەدا.

ئەو چوار بەرپرسەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باسیان لەوەشکرد کۆماری کوردستان توانی لە ماوەیەکی کورتدا چەندین دەستکەوتی مێژوویی گرنگ بەدەستبهێنێت کە گەلی کورد شانازیان پێوە بکات.



www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/23 ژمارە (5917)

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا دۆخی عێراق و ناوچەکەیان تاوتوێکرد

پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمریکاو پەرەپێدانیان بەتایبەتی لەبواری هاریکاریی وزەدا تاوتوێکران



دۆنالد ترەمپ بۆ نێچیرڤان بارزانی:

ئێمە قەرزارتانین

هەرێمی کوردستان بە ناوی گەلی کوردستانەوە، سوپاس و پێزانینی بۆ سەرۆک ترامپ و ئەمەریکا دووپاتکردەوە بۆ پشتگیرییان لە هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی داعشدا، هەروەها جەختی لەوە کردەوە کە هێشتا تیرۆر لە ناوچەکە مەترسییەکی ڕاستەقینەیە، بۆیە گرنگە هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ئەرکەکانی بەردەوام بێت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پوختەیەکی دەربارەی هەرێمی کوردستان هەر لە ڕاپەڕینی نەوەد و یەکەوە تا ئازادیی عێراق و قۆناغەکانی دوای ساڵی 2003 و ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە بنیاتنانەوەی عێراقی تازە پێشکەشکرد و خواستی هەرێمی بۆ بەرەودانی زیاتری پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمەریکا لە بواره جیاکاندا نیشان دا.

بەرباریشە ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنتۆنیۆ گۆتیرێس سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کۆبێتەوە.

بەڕێز دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەلی کوردستانی بە گەلێکی مەزن وەسف کرد و گوتی: ئێمە قەرزارتانین، هەروەها سوپاس و پێزانینی ئەمەریکای بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دووپاتکردەوە.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 لە دافۆس بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەمەریکا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق بە گشتی، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا و پەرەپێدانیان بە تایبەتی لە بواری هاریکاریی وزەدا، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی، ڕەوشی ناوچەکە بەگشتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دۆخی سووریا، تاوتوێکران.

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەلی کوردستانی بە گەلێکی مەزن وەسف کرد و گوتی: ئێمە قەرزارتانین، هەروەها سوپاس و پێزانینی ئەمەریکای بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دووپاتکردەوە.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 لە دافۆس بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەمەریکا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق بە گشتی، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا و پەرەپێدانیان بە تایبەتی لە بواری هاریکاریی وزەدا، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی، ڕەوشی ناوچەکە بەگشتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دۆخی سووریا، تاوتوێکران.

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا گەلی کوردستانی بە گەلێکی مەزن وەسف کرد و گوتی: ئێمە قەرزارتانین، هەروەها سوپاس و پێزانینی ئەمەریکای بۆ ڕۆڵی هەرێمی کوردستان و پێشمەرگە لە تێکشکاندنی داعش و پاراستنی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان دووپاتکردەوە.

پێشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 لە دافۆس بەڕێزان سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەمەریکا کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی عێراق بە گشتی، پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەمەریکا و پەرەپێدانیان بە تایبەتی لە بواری هاریکاریی وزەدا، پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوەی، ڕەوشی ناوچەکە بەگشتی و پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و دۆخی سووریا، تاوتوێکران.

لە کۆبوونەوەکەدا بەڕێز

سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی ڕێکخراوی جایکا کۆبوونەوە

ئاژانسی هاریکاریی نێودەوڵەتیی ژاپۆنی لە پشتگیری و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان بەردەوامدەبێت



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێز شینیچی کیتائۆکا سەرۆکی ئاژانسی جایکای ژاپۆنی، سوپاس و پێزانینی هەرێمی کوردستانی بۆ کار و پڕۆژەکانی ڕێکخراوەکە دەربڕی کە بۆ ماوەی چەندین ساڵ خزمەتیان بە هەرێمی کوردستان کردووە و جێپەنجەیان بە پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستانەوە دیارە.

هەر لە بەردەوامیی کۆبوونەوەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە کۆبەندی ئابووریی جیهانیی داڤۆسدا، بەڕێزیان لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی ئاژانسی هاریکاریی نێودەوڵەتیی ژاپۆنی (جایکا) کۆبوونەوە. لە کۆبوونەوەکەدا تیشک خرایە سەر کار و چالاکییەکانی ئاژانسەکە لە هەرێمی کوردستان و بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوپاسی جایکا و گەل و حکوومەتی ژاپۆنی کرد بۆ یارمەتیدان و هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان. لای خۆیەوە بەڕێز سەرۆکی جایکا، دووپاتی کردەوە کە ئاژانسی هاریکاریی نێودەوڵەتیی ژاپۆنی لە پشتگیری و یارمەتیدانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێت و سوپاسی ئاسانکاری و هەماهەنگییی دامودەزگا و لایەنە پەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستانی لە ئەنجامدانی کار و پڕۆژەکانیان کرد.



سەرۆکی هەرێمی کوردستان چاوی بە سەرۆک وەزیرانی ئوردن کەوت

هەر لە پەراوێزی بەشداریکردنیدا لە کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس، پاشنیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، چاوی بە بەڕێز عومەر ئەلڕەزاز سەرۆک وەزیرانی ئوردن کەوت.

هەردوولا دوایین پێشهاتەکانی دۆخی عێراق و ناوچەکە بەگشتی، بەرەودانی زیاتر بە پەیوەندییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئوردن، هەوڵەکان بۆ ئارامکردنەوەی دۆخی ئالۆزی ناوچەکە، مەترسییەکانی تیرۆر و گرنگیی بەردەوامیی ئەرکی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی تیرۆر و چەند پرسێکی دیکەی مایەی بایەخی هەردوولایەنەیان تاوتوێکرد.

نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سعوودیە کۆبوونەوە



سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی سعوودیە دۆخی عێراق و خۆپیشاندانەکانی بەغدا و پارێزگاکانی دیکەی وڵات و داواکارییەکانیان و داهاتووی پڕۆسەی سیاسی لە عێراقیان تاوتوێ کرد و جەختیان لە هەوڵی هێوردکردنەوەی گرژییەکان و ڕێگری لە پەرەنەسەندنی ئالۆزییەکان کردەوە.

لە بەردەوامیی دیدار و کۆبوونەوەکانیدا لە داڤۆس، نیوەڕۆی دوێنێ چوارشەممە 2020/1/22 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێز میر فەیسەڵ بن فەرحان ئال سعوود وەزیری دەرەوەی شانشینی عەرەبستانی سعوودیە، کۆبوونەوەکەدا پەیوەندییەکانی عەرەبستانی سعوودییە لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان، دۆخی ناوچەکە بەگشتی و مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆر و گرنگیی هەوڵەکانی بۆ ئارامکردنەوەی گرژییەکان لە ناوچەکە، ڕەوشی پێکهاتەکان لە عێراق، دۆخی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و یارمەتی و هاوکارییە مرۆییەکانی خاچی سووری سعوودی بۆ ئەوان خرانە بەر باس و بیروڕایان لەبارەیەوە ئالوگۆڕ کرا.

کۆشکی سپی: هەردوولا جەختیان لە پابەندی خۆیان بۆ کارکردن بۆ تێکشکاندنی داعش دووپاتکردەوە

کۆشکی سپی ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی و سەرۆک ترەمپ بڵاوکردەوە

سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداری لە ئێوارەخوانی یادی پەنجا ساڵەی کۆڕبەندی ئابووریی جیهاندا کرد







ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە 2020/1/21 لە یەکەم ڕۆژی چالاکییەکانی کۆڕبەندی ئابووریی جیهاندا لە داڤۆس، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ سەرۆک و سەرکردە و بەرپرسانی باڵای وڵاتانی جیهان، بەشداری لە ئێوارەخوانێکدا کرد کە لەلایەن بەڕێز کلاوس شواب دامەزرێنەری کۆڕبەندی ئابووریی جیهان لە داڤۆس و خاتوو هلیدا شوابی هاوسەرییەوە، لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆڕبەندەکەدا ڕێکخرا بوو. لە وتەیەکدا بەڕێز کلاوس شواب بەخێرهاتنی میوانانی کرد و خۆشحاڵیی خۆی بە بەشداریی سەرکردەکانی جیهان لە یادی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی کۆڕبەندی ئابووریی جیهان و بەرەوپێشبردنی کۆڕبەندەکە دەربڕی. هەر لە میانی ئێوارەخوانەکەدا سەرۆک نێچیرڤان بارزانی چاوی بە ژمارەیەک لە بەشدارانی کۆڕبەندەکە کەوت.



دوا بەدوای کۆبوونەوەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا لە داڤۆس، کۆشکی سپی لە ڕاگەیێندراوێکدا ئەنجامی کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەمەریکای بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: سەرۆکی ئەمەریکا سوپاسی نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی کرد بۆ هاوبەشیی بەردەوامی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
بەگوێرەی ڕووداو، کۆشکی سپی ڕاشیگەیاندووە، لە کۆبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان لە پابەندی خۆیان بۆ کارکردن بۆ تێکشکاندنی داعش دووپاتکردەوە. سەرۆکی ئەمەریکا سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیشی کرد بەهۆی ئەوەی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی بەردەوامی بۆ ئاوارە و پەنابەران.
هاوکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تویتێکدا لەبارەی کۆبوونەوەکە ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەیەکی بەرهەمدار و دۆستانەدا لە داڤۆس، خۆشحاڵبووم بە بینینی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ، ئەو پێزانینی هەبوو بۆ ڕۆڵی کوردستان لە شەڕی بەیەکەوە لە دژی داعش و پاریزگاریکردن لە کەمینەکان. من سوپاسی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکام کرد بۆ سەرکردایەتی و پاڵپشتی، ئێمە قسەمان لەسەر بەشەکانی دیکەی عێراق و هاوئاهەنگی ئابووری کرد.

کاروخ خۆشناو، سەرۆکی ئینستیتوتی توێژینەوەی ئەمەریکی - کوردی بۆ خەبات:

سەرجەم دیدارەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت لە ناساندنی دۆزی کورد

داڤۆس دەرفەتێکی زێڕینە بۆ هەرێمی کوردستان وەبەرهێنان لە بواری دیپلۆماسی و وزەدا بکات

یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەجێندای کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەمەریکا گەنگەشەکردنی بارووددۆخی ساسی و ئابووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو





خەبات: تریفە ئازاد

دوێنێ چوارشەممە سەرۆکی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی لە داڤۆس لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا کۆبووە، لە کۆبوونەوەکەی نێوانیاندا بارودۆخی ناوچەکە و عێراق و شەڕی داعش و چەند پرسێکی دیکەیان تاوتوێکرد، لەمبارەیەوە سەرۆکی ئینستیتوتی توێژینەوەی ئەمەریکی-کوردی بۆ خەبات دوا:

کاروخ خۆشناو سەرۆکی ستیتوتی توێژینەوەی ئەمەریکی لە بارەی دیداری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا گوتی: بانگهێشتی فەرمی نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس لەلایەک سەلمێنەری گرنگی پێگەی جیۆپۆلۆتیکی هەرێمی کوردستانە لەسەر نەخشەی سیاسیی ناوچەکە و دەرخەری گرنگییپێدانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە بە هەرێمی کوردستان، وەک هەرێمێکی سەقامگیر و ئەکتەرێکی چالاک لە دژایەتیکردنی تیرۆر و ژمارەیەکی خوێندراوە و کاریگەر لە هاوکێشە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە لایەکی ترەوە پشاندەری پێگەی ستراتیژیی هەرێمی کوردستانە لەسەر نەخشەی وزەی جیهانی، وەک هەرێمێکی دەوڵەمەند بە سامانی سرووشتی (نەوت و گاز)، ئەم پێگەیەش فاکتەرێکی گرنگە بۆ گرنگی پێدانی زیاتری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هەرێمی کوردستان لە ئەکتەرێکی نادەوڵەتییەوە بۆ ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی.
ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە میللەتی کورد جیا لە هەموو پێکهاتەکانی تری عێراق دۆستی ئەمەریکایە، سادەترین بەڵگەش بۆ ئەم ڕاستییە (بایکۆتکردن)ی کورد بوو بۆ بڕیاری پەرلەمانی عێراق لە 2020/1/5 کە تایبەت بوو بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، سەرۆک ترەمپیش ئەم ڕاستییە باش دەزانێت، بۆیە دیداری نێچیرڤان بارزانی خستە نێو ئەجێندای خۆی لە داڤۆس. میژووی نزیکیش شاهیدە کە هێزەکانی ئەمەریکا هەمیشە پاڕێزراو بوونە لە هەرێمی کوردستان، بە پێچەوانەی ناوڕاست و خواروووی عێراق کە خوێنی سەربازانی ئەمەریکای تێدا ڕژاوە و نزیکەی پێنج هەزار سەربازیان کوژراوە.
لەبارەی دۆخی نالەباری عێراق و گرژییەکانی ئەمەریکا و ئێران و بەشداریکردنی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەم کۆڕبەندە، کاروخ خۆشناو گوتی: هەرێمی کوردستان توانیویەتی ژیرانە هاوسەنگی ڕابگرێت، هەم لە ئاست کێشەکانی ناوخۆی عێراق، هەم لە ئاست کێشە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان، نەک تەنها هاوسەنگی ڕاگرتووە، بەڵکو هەندێکجار وەک (ناوەندگیر) ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچە، بۆیە پێموایە ئێستا فرسەتێکی زێڕین لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سویسرا بگێڕێت لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق و ناوچەکە.
پێموایە یەکێک لە خاڵە گرنگەکانی ئەجێندای کۆبوونەوەی سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی هەرێم گەنگەشەکردنی بارودۆخی سیاسی و ئابووری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە، لەم چوارچێوەیەشدا ڕۆڵی هەرێمی کوردستان گرنگە وەک فاکتەرێکی چارەسەر بۆ قەیرانەکانی عێراق، چونکە هەرێمی کوردستان هەمیشە بەشێک بووە لە چارەسەر نەک گرفت. سەبارەت بە پتەوکردنی پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکاش پێویستە ئەم پەیوەندیانە لەسەر حیسابی وڵاتانی دراوسێ نەبێت، واتە نابێت هەرێمی کوردستان ببێتە لایەندار لە کێشەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق. تەنها لە حاڵەتێکدا ئەگەر هیچ بژاردەیەک بۆ هەرێمی کوردستان نەمایەوە، جگە لە چوونە بەرەی ئەمەریکا، ئەوکات دەکرێت هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی نووسراو گرنتی پاراستنی کیانەکەی لە ئەمەریکا وەربگرێت.
لە کۆتایشدا کاروخ خۆشناو ئاماژەیە دیدارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد لەگەڵ سەرکردەی تری وڵاتان و گوتی: کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس دەرفەتێکی زێڕینە بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان تاکو وەبەرهێنان بکات لە بواری دیپلۆماسی و ئابووری و وزە و بانگهێشتکردنی کۆمپانیا گەورەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، بۆیە سەرجەم دیدارەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم ڕۆڵی بەرچاویان دەبێت لە ناساندنی دۆزی کورد بە گشتی و باشووری کوردستان بە تایبەتی، چونکە پێگەی باشووری کوردستان گرنگییەکی تایبەتی هەیە وەک تاکە ناوچەی سەقامگیر لە عێراق و دااڵدەدەری ئاوارە و پەناهەندەکانی عێراق و ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا، ئەم خەسڵەتەش سەلمێنەری ڕێزی هەرێمی کوردستانە بۆ فرەڕەنگی و فرەئایینی و فرەمزهەبی، کە لەژێر سایەی ئەم هەرێمە سەقامگیرەدا هەموو پێکهاتەکان ڕێز لێگیراون و بە ئاشتی و ئاسوودەیی دەژین، ئەم خەسڵەتەی پێگەوەژبانی هەرێمی کوردستانیش لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە.

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/23 ژمارە (5917)
خەبات

فەرماندەیەکی پێشمەرگە: بەهۆی بۆردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا، پەکەکە بەشێک لە بارەگاکانی لە شنگال چۆڵ کردووە

فەرماندەیەکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شنگال ئاشکرای کرد، پەکەکە بەشێک لە بارەگاکانی خۆی لە شنگال چۆڵ کردووە.

قاسم دەربۆ، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال بە خەباتی ڕاگەیاند، پەکەکە بەشێک لە بارەگاکانی لە شنگال چۆڵ کردووە و بەشێک لەو چەکدارانەشی کە خەڵکی ڕۆژئاوای کوردستان و باکووری کوردستان بوون، شنگالیان جێهێشتووە.

ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە لە شنگال پەکەکە چووەتە قۆناغی خۆشاردنەوە لە ترسی بۆردوومانکردنی بارەگاکانی لەلایەن فڕۆکە جەنگی و بێفڕۆکەوانییەکانی تورکیاوە.

دەربۆ ڕوونی کردەوە کە ئەو هێزانەی کشاونەتەوە، شوێنەکانیان لەلایەن ئەو هێزانەی پەکەکەوە پڕکراونەتەوە کە لە کەسانی نێوخۆی شنگال پێکهاتوون.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە لە ماوەی ڕابردوودا چەندان جار فڕۆکە جەنگی و بێفڕۆکەوانەکانی تورکیا هێرشیان کردووەتە سەر بنکە و بارەگاکانی پەکەکە لە شنگال کە دواییناین، لە کۆتایی هەفتەی ڕابردوودا بوو و بەهۆیەوە بەرپرسێکی بااڵی یەکینەکانی بەرخۆدانی شنگال (یەبەشە) کوژرا.





مستەفا نەبی

ئەمەریکا لە نێوان گوڵبارانی ئێمە و گوللەبارانی ئەواندا

لە دەرفەتجامی ئەو هەموو سەرکوتکردن و ستەم و زۆرداربیەی کە گەلی کورد بەدەست هەموو ئەو دیکتاتۆر و ڕژێمانەی کە حوکمی عێراقیان کردووە، چەشتووە، کورد هەمیشە خوازیاری گۆڕانکاری بووە لە سیستەمی حوکمڕانی و هەموو ئەو کەسانەی کە جلەوی دەسەاڵتی ئەم وڵاتەیان بەدەست بووە، هەر بۆیە هەر کەس و الیەن و وڵاتێک هەوڵی گۆڕانکاری دابێت، بە نیازی ڕزگارکردنی وڵات لەو ڕژێمە دیکتاتۆریانە و پەلهاویشتنی بەردەو سیستەمێکی دیموکراسییانەی ئاشتیخوازانە، ئەوا کورد بێ دوودڵی پێشوازی لێکردووە، بەو نیەتەی ڕزگاریان بێت لەم هەموو ستەم و زۆرداربیەی کە هەمیشە بە کوشتن و بڕین بۆ تاکی کورد کۆتایی هاتووە.

هەر ئەمەشە بووەتە هۆکارێک بۆ پێشوازی لە سوپای ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی بە جوانترین شێوە کاتێک لە بەهاری 2003 ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکانیان و هێرشکردنە سەر سوپای ڕژێمی بەعسی فاشی، بە نیازی خاوێنکردنەوەی دەڤەرەکە لەو سوپا سەرکوتکەرە و ڕزگارکردنی گەالنی کوردستان و عێراق بە تایبەتی گەلی کورد لە جینۆسایدو زیندەبەچاڵکردن و ئەنفال و کیمیاباران، بەاڵم بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستان ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانی لە هەموو ناوچەکانی تری عێراق دووچاری هێرش و پەالماری تیرۆریستی عەرەبە شۆڤێنیستەکان بوونەوە و بە داگیرکار ناویان دەبردن.

لەو ساوە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ئەمەریکییەکان خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان لەم وڵاتە شەوێک بە ئارامی ڕۆژیان نەکردووەتەوە و هەموو کات و ساتێک لەژێر هەڕەشە و پەالماری تیرۆریستاندا بوونە، ئێستاش دەبێ ئەمەریکییەکان لەوە تێبگەن کە ئەگەر هاوپەیمانێکی ڕاستگۆ و ڕاستەقینەیان هەبێت ئەوا تەنها هەرێمی کوردستان و گەلەکەیەتی و تەنیا لێرەوە بەرژەوەندییەکانیان پارێزراوە و تەنیا لێرەوە دەتوانن بە ئازادانە و لە کەشێکی ئارامدا بسوڕێنەوە.

ئەمیریکییەکان ئەبێ درک بەو هەڵانە بکەن کە لە ڕابردوو بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان کردوویانە و وەک پێویست پشتگیری داخوازییەکانی گەلی کوردیان نەکرد بە تایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی ریفڕاندۆم و کاردانەوەکانی دواتری، کاتێک لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 دووچاری پەالماڕێکی دڕندانەی میلیشیا شیعەکان بە ڕێنوێنی خیانەتکارانی گەل و بە پشتگیری ڕاستەوخۆی هێزە شاراوەکانی ئێران، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە کورد بەهێزترین هاوپەیمانی ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانی بوو لە شەڕی دژی داعش و بگرە قوربانییەکی زۆری لەم پێناوەدا بەخشی کە خۆی لە هەزاران شەهید دەبینێتەوە، سەرەڕای ئەو هەموو سەرنجە، کەچی کورد کارێکی بێزارکەرانەی لە دژیان ئەنجام نەداوە و بەردەوامبوە لە هاوپەیمانیەتییەکەی .

ئێستاش دوای ئەوەی پەرلەمانی عێراق بە زۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی شیعە نەیارەکانی ئەمەریکا و بەیێدەنگی کورد، بڕیاری دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکای دەرکرد و کورد ناڕازی بوو بەم بڕیارە و ئەمەش زۆر ڕاشکاوانە لەسەر زاری سەرکردەکانی کورد درکی پێدەکرێت و دژی ئەم بڕیارە وەستانەوە، جارێکی تر کورد ئەوەی بۆ ئەمەریکییەکان پشتڕاستکردەوە لەم دەڤەرە لە کورد زیاتر کەسی تر بە ڕاستی هاوپەیمانی ئەمەریکا نییە، بۆیە پێویستە ئەمەریکا ئەگەر دەیەوێت لەم دەڤەرە بمێنێتەوە و هێزەکانی پارێزراو بن، دەبێ ڕاشکاوانە گوێ بۆ داخوازییەکانی کورد شل بکات تا دەگاتە ئاستی دانپێنان بە سەربەخۆیی خاوەن سەروەری کوردستان، باشترین چارەسەرە بۆ ڕزگارکردنی ناوچەکە لەم هەموو تەنگەژە سیاسی و ئابووری و سەربازییەی تێیکەوتووە.

پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا داوای دەرچوونی حەشدی شەعبی دەکەن

ئەیاد کاکەیی:
حەشدی شەعبی هێزێکی نامۆیە و دەبێت پێشمەرگە شوێنەکانییان پڕ بکاتەوە

جوان ڕۆژبەیانی:
داوکاری پێکهاتەکان بۆ سەرجەم وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەنێرین

هاووڵاتییەکی عەرەب: حەشدی شەعبی دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵک و ئاوارەکانیش ناوێرن بگەڕێنەوە



پارێزەری دۆسیەی پێکهاتەکان، ئەیاد کاکەیی گوتی: هێزێکی نامۆ پەیدابووە کە ئەویش حەشدی شەعبییە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئاوارەکان نەوێرن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئێستاش داوا دەکرێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەم هێزانە دووربخرێنەوە.

بەمەبەستی دەرچوونی هێزەکانی حەشدی شەعبی و گرووپە چەکدارەکان لە دەشتی نەینەوا، سەرجەم پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی ناوچەکە گردبوونەوەیەکیان بە نووسینی چەندین دروشمی جیاوازەوە لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجامدا و یاداشتێکیان دایە دەست نەتەوە یەکگرتووەکان.

کوردێکی خەڵکی موسڵ، محەمەد عوسمان گوتی: ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە حەشدی شەعبی لە ناوچەکەمان و ئێرانیش لە عێراق بچێتە دەرەوە، چونکە عێراق بووەتە دەوڵەتێکی میلیشیات، وەکو لوبنان بزووتنەوەیەکی مافیای تێدایە، ئەوانە تەعەدا لە خەڵک دەکەن و خەڵک بووەتە کۆیلەی ئەوان، هەموو شتێک لەدەستی خۆیاندایە و بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت دەکەن، بۆ نمونە دەچینە چێشتخانەیەک نان دەخۆن و دوایی بەبێ ئەوەی پارەی بدەن دەڕۆنە دەرەوە و کەس ناتوانێت قسەیان لەگەڵ بکات، چونکە هەموو شتێک بە دادگاشەوە لەدەست خۆیانە.

هاووڵاتییەکی بە ڕەگەز عەرەب کە خەڵکی گوندی ناوەرانی سەربە قەزای بەعشیقەیە بەناوی ڕەعد مەحمود سالح گوتی: کێشەی ئێمە ئەوەیە کە دەسەاڵت بگەڕێتەوە ناوچەکەمان و نامانەوێت حەشدی شەعبی لەوێ هەبێت، چونکە دەستدرێژی دەکەنە سەر خەڵک، ئاوارەکان ناوێرن بگەڕێنەوە، ئەگەر گوێرایەڵی ئەوان نەبیت ئەوا بە ماددەی 4ی تیرۆر دەستگیرت دەکەن، ڕۆژانە حاڵەتی گرتن هەیە بۆ نمونە من ئامۆزایەکم تەمەنی 30 ساڵە کە پزیشکی ڤێتەرنەریە و الیەن حەشدی شەعبییەوە دەستگیرکراوە و لە ڕێگای تائیفییەوە دادگایان دەکەن، بۆیەش ئێمە دەمانەوێت لەم چوارچێوەیە بێینە دەرەوە و یاسا لە ناوچەکە بەرقەراربێت.

پارێزەری دۆسیەی پێکهاتەکان ئاماژە بەوە دەکات کە حەشدی شەعبی لەو ناوچانەی دەشتی نەینەوا شوێنی پۆلیس و دادگای گرتووەتەوە و ئەمەش وایکردووە کە زۆرترین پێشێلکاریی بەرانبەر پێکهاتەکان لەم ناوچەیە ئەنجام بدرێت.

پارێزەری دۆسیەی پێکهاتەکان ئەیاد کاکەیی گوتی: پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا هاتنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوا چەند ساڵێکە وەکو برا لە ناوچەکەدا دەژین، بەاڵم بەداخەوە هێزێکی نامۆ پەیدابووە کە ئەویش حەشدی شەعبییە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئاوارەکان نەوێرن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان، ئێستاش داوا دەکرێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەم هێزانە دووربخرێنەوە و لە بەرانبەردا هێزی عێراقی و پێشمەرگە شوێنەکانییان پڕ بکەنەوە.

ئەیاد کاکەیی گوتیشی: حەشدی شەعبی لە هەندێک شوێن، ڕۆڵی پۆلیس و دادگا دەبینن ئەمەش وایکردووە کە خەڵک هاوار بکات بۆ ئەوەی ئەم هێزانە لە دەشتی نەینەوا دووربخرێنەوە، چونکە حەشدی شەعبی ڕێگرن لە ئاوەدانی و گەشەکردنی ناوچەکەش هەروەک بوونەتە هۆکاری نەکێلانی زەوییەکانی دانەوێڵە لەو شوێنانەی کە خۆیان دەستیان بەسەردا گرتووە. بۆیە هەموو بەیەکەوە داوای دەرکردنی ئەو هێزانە دەکەین. لەم گردبوونەوەیەدا، هاووڵاتییان خۆیان لە زوومی کامێراکان بەدوور دەگرت، بەهۆی هەبوونی مەترسی لەسەر ژیانیان لەالیەن گرووپە میلیشاکانەوە بۆیەش زۆرینەیان نەیانتوانی بۆ دەزاگاکانی ڕاگەیاندن قسە بکەن.

هاوکات سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، جوان ڕۆژبەیانی گوتی: لیژنەکەمان پێشوازی لە نوێنەرانی خەڵکی دەشتی نەینەوای کرد و بە یاداشتنامەیەک چەند داواکارییەکیان هەبوو کە نزیکەی 23 هەزار واژووی تیادا کۆکراوەتەوە. لەبارەی داواکارییەکانیشەوە، جوان ڕۆژبەیانی گوتی: داواکارییەکانییان ئەوەبوو کە لە ڕووی ئەمنییەوە پارێزراوبن، ڕێگری بکرێت لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکە، پێکهاتەکان ئیدارەی ناوچەکە بکەن و پۆستەکان لەنێوان پێکهاتەکان دابەش بکرێت، ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت بۆ ئاسایکردنەوەی ناوچەکەیان. جوان ڕۆژبەیانی هەروەها گوتیشی: داواکارییەکانی ئەوانمان وەرگرت کە داواکاریی سەرەکیان گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ ئەو ناوچانە، بۆیە ئێمە هەوڵەکانمان چڕ دەکەینەوە بۆ ئەوەی هەماهەنگییەی لەگەڵ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق هەمانە زیاتری بکەین و داوکارییەکانییان بە هەند وەربگرین و کاری لەسەر دەکەین، داواکارییەکانیان بۆ سەرجەم وڵاتان و ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوەی یەکگرتووەکان لە هەرێم دەنێرین.

بەسرە. خۆپیشاندان و نارەزایی بەردەوامە



سەرچاوەیەکی ئەمنی دوێنێ چوارشەمە ڕایگەیاند: خۆپیشاندەران ئەو ڕێگایانەی کە دەچن بۆ بەندەرەکانی ئوم قەسر و خور زوبێر باشووری بەسرەیان داخست. سەرچاوەکە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێت گوتیشی: ڕۆژی چوارشەمە، خۆپیشاندەران ئەو ڕێگایانەی کە دەچن بۆ بەندەرەکانی ئوم قەسر و خور زوبێریان داخست.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەیشکرد کە بەهۆی داخستنی ڕێگاکانەوە، جەنجاڵێکی زۆر درستبوو و دەیان ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگاکاندا وەستان و نەیانتوانی بچنە بەندەرەکانی ئوم قەسر و خور زوبێر. لە ڕۆژی دووشەمەی ڕابردووە، خۆپیشاندەران بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان ئاستی خۆپیشاندان و نارەزایەتییە دەربڕینەکانیان زیاتر فراوانتر کردووە و دەستیانکردووە بە داخستنی ڕێگا سەرەکییەکانی نێوان پارێزگا و شارو شارۆچکەکان کە بەهۆیەوە ڕێگای هاتوچۆ لە ناوەڕاست و باشووری عێراق پەکخراوە.

باڵیۆزی بەریتانیا سەرکۆنەی کوشتنی خۆپیشاندەرانی عێراق دەکات

دوێنێ چوارشەمە 2020/1/22 ستیفان هیککێتی، باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا لە هەژماری تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەاڵیەتیی (تویتەر)، ڕایگەیاندووە، پێویستە خۆپیشاندەران پارێزگاریی لە خۆپیشاندانە ئاشتییانەکەیان بکەن.

ستیفان هیکێتی هەروەها ڕایگەیاندووە، هیچ بیانوویەک نییە بۆ کوشتنی خۆپیشاندەران لەالیەن هێزە ئەمنییەکانەوە، کە تا ئێستا ژمارەی کوژراوەکان گەیشتووەتە 600 کەس.

باڵیۆزی بەریتانیا وێڕای سەرکۆنەکردنی کوشتنی خۆپیشاندەران، داوای لە هێزە عێراقییەکان کردووە دانبەخۆیاندا بگرن و بە پێویستیشی دەزانێ حکوومەتی ئەو وڵاتە بە مەبەستی چاکسازی، گوێ لە داواکانی خۆپیشاندەران بگرێت.

بەپێی دواینێ زانیاری، تەنیا لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا، هێزە عێراقییەکان 10 خۆپیشاندەریان کوشتووە و 135ی دیکەشیان بریندار کردووە. خۆپیشاندانەکان لە ڕۆژی 2019/10/1ەوە لە بەغدا و زۆربەی شارەکانی عێراق دژی گەندەڵی و نەبوونی خزمەتگوزاری، دەستیان پێکرد.



چارەسەری کەمئاوی لە هەولێر دەکرێت و سەرجەم بیرە ئیرتیوازییەکانیش دادەخرێن

مەسعود محەمەد کارەش بەڕێوەبەری گشتیی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە چارەسەرکردنی کەمئاوی لە هەندێ گەرەکی شاری هەولێر رایگەیاند: یەکێک لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە ئامارژەی پێ دراوە، دابینکردنی خزمەتگوزارییە و لەو خزمەتگوزارییانەی کە دەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی شارەوانی کە ئێمەش بەشێکین لەم وەزارەتە، دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دروستکردنی ئاوەڕۆی ئاوی باران و ئاوەڕۆی قورسە، بۆیە حکوومەت سەرەڕای قەیرانی دارایی و شەڕی داعش زیاتر لە یەک ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلاری بۆ پڕۆژەکانی ئاوی خواردنەوە دابینکردووە، سەبارەت بە ئاوەڕۆش گشتی لە هەموو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بە هەزاران کیلۆمەتر ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر (نالێم 100%) بەڵکوو تا ڕادەیەکی زۆرباش کێشەی کەمئاوی نامێنێت.

سەبارەت بە گرنگی قۆناغی دووەمی پڕۆژەکەش گوتی: قۆناغی دووەمی ئەو پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەیە تەنیا بۆ ناو شاری هەولێر نییە، بەڵکوو قەزای بنەسلاوە، داڕەتوو، کەسنەزان، شاوێس و بەحرەکەش لەخۆ دەگرێت، هەر لەگەڵ کۆمپانیای بای وەتەری بەڕێتانی ئیمزا کراوە و پڕۆژەکە زۆر گەورە و ستراتیژییە و لە یەک سەعات بڕی 25 هەزار مەتر سێجا ئاوی خواردنەوە دابینەدەکات، ئەمەش چەند بەرانبەری پڕۆژەی ئاوی ئیفراز یەک و دوو و سێیە، بۆ ئەو پڕۆژەیەش سوود لە ئاوی زێی گەورە وەرگیراوە و بە تەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە هەموو بیرەکانی ناو شاری هەولێر و قەزا و ناحییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دادەخرێن.

بەمەبەستی شیکردنەوەو خستنەڕووی گرنگترین ماددەو بڕگەکانی یاسای چاکسازی لە موچەو دەرماڵەو خانەنشینی کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەپەرلەمانی کوردستان بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتارانی کوردستان پەسەند کرا، لە هۆڵی بۆنەکان بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی و کارگێڕانی لق و جەماوەرێکی زۆری سنوورەکە، کۆڕێک بۆ دکتۆر ڕێبوار بابکەیی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوەچوو.

لە دەسپێکی کۆڕەکەدا دوای وەستانی خولەکێک بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمرو کاک ئیدریسی هەمیشە لەیاد، دکتۆر ڕێبوار بابکەیی تیشکی خستەسەر یاسای چاکسازی لە موچەو دەرماڵەو خانەنشینی کە لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لەنێو پەرلەمانی کوردستان بەدەنگی 89 پەرلەمانتار پەسەند کرا کە بەیەکێک لە دەسکەوتەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت لەپێناو بەرژەوەندی گشتیی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵێک مادەو بڕگەی تێدایە کە دادپەروەری تەواو بەرجەستە دەکەن، بێگومان کەسانێک هەن لەو یاسایە زەرەرمەند دەبن بۆیە دەیانویست لەمپەر بخەنە بەردەم دەرچوون و ناشیرین کردنی. دواتر بەڕێسی لقی16ی هەولێر باسی لەگرنگی ئەو یاسایە کرد لەبەرژەوەندی خەڵکی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەی ئێستاداو داوای لەبەشداربووانی کۆڕەکە کرد کە پاڵپشتی تەواوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ جێبەجێکردن و سەرخستنی یاساکە.



دکتۆر ڕێبوار بابکەیی لە کۆڕێکی لقی16 لە یاسای چاکسازی دەدوێت

بە بۆنەی یادی 21 ساڵەی دامەزراندنی کەنالی ئاسمانیی کوردستان تی ڤی، لە ڕێورەسمێکدا لە هۆڵی بارەگای لقی11ی پارتی، بە سەرپەرشتی و ئامادەبوونی هیوا گەیلانی بەرپرسی لقی11 خەڵاتی ڕێزلێنانی لق بەخشرایە ئەو ڕاگەیاندنکار و کادرانەی سنووەرکە کە لە دەزگای سەتەلایتی کوردستان تی ڤی دا ڕۆڵ دەبینن و ڕۆڵیان بینیوە.

جێی باسە، کوردستان تی ڤی وەکو یەکەم کەنالی ئاسمانیی کوردی لە کوردستان دا، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای گەلەکەماندا و گەیاندنی پەیام و دەنگ و ڕەنگی کوردستانییان بە یەکتری و هاوکات بە جیهان.



ڕانیە.. ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە کادرەکانی کوردستان تی ڤی بەڕێوەچوو



هاوکارمان مامۆستا یاوەر نامیق سالم کۆچی دوایی کرد

دوێنێ 2020/1/22 هاوکارمان مامۆستا (یاوەر نامیق سالم) برای تێکۆشەر (جەوهەر نامیق سالم) سەرۆکی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان و سکرتێری پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتیمان کۆچی دوایی کرد، شایانی باسە خوالێخۆشبوو لەدوای ڕاپەڕینی 1991 یەکێک بوو لە ڕۆژنامەنووسی کە ڕۆڵی لەدەرچوواندنی ڕۆژنامەی خەبات و دواتریش لەدەزگای ڕۆژنامەنووسی برایەتی و خەبات وەک بەرپرسی لاپەرەی وەرزش و سەرپەرشتیاری پاشکۆی وەرزشی برایەتی بوو.

هەر ئەمڕۆ تەرمەکەی لەهەولێرەوە دەبرێتەوە کەلار لەگوندی بەرلووت بەخاک دەسپێردرێت و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ پرسەکەی لەشاری کەلار دەبێت و ڕۆژی دووشەمە لەمزگەوتی جەلیل خەیات لەهەولێر بۆ ماوەی یەک ڕۆژ پرسە دادەنرێت.

پرسە و سەرەخۆشی

بۆ بەڕێز بورهان جاف

بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی کاک (یاوەر)مان بیست. بەم بۆنە خەمناکەوە، بەناوی سەرنووسەر و ستافی ڕۆژنامەکەمان پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە تێکۆشەردەکەتان دەکەین و لە خوای گەورە داواکارین ئەمە دوا ناخۆشیتان بێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شادی بکات و سەبووری و ئارامیش بە ئێوە ببەخشێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

خەبات

30 کێلۆیێن مادەیێن هوشبەر ل سەر ڕێیا زاخو ـ ئیبراهیم خەلیل هاتنەگرتن

خەبات ـ زاخو: ژێدەرەکێ ژ ئاسایشا ئیبراهیم خەلیل ڕاگەهاند: هێزێن ئاسایشا ئیبراهیم دەروازەیا سنوری یا ئیبراهیم خەلیل دەست ب سەر 30 کێلۆیێن مادەیێن هوشبەر ژ جورێ هێروینێ هاتیەگرتن ل سەر ڕێیا سەرەکی یا زاخو ئیبراهیم خەلیل. هەروەسا دیارکر 3 کەس ژی هاتینە دەستە سەرکرن ئێک ژوان ڕەگەز ئیرانی و یێ دی تورکە و سیێ ژی خەلکێ دەڤەرێیە کو ئەو ماددەیە دگەل وان دابوو.

نەشتەرگەرییەکی دەگمەن لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر ئەنجام درا



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئامارژە بەوە دەدات، بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، نەشتەرگەرییەکی دەگمەن لەلایەن پزیشکێکی نەشتەرگەریی دڵ و سینگ و دەمارەکانی خوێن، بۆ نەخۆشێکی تەمەن 60 ساڵ بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا.

هاتووە: بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان و عێراق، نەشتەرگەرییەکی دەگمەن لەلایەن پزیشکێکی نەشتەرگەریی دڵ و سینگ و دەمارەکانی خوێن، بۆ نەخۆشێکی تەمەن 60 ساڵ بە سەرکەوتوویی ئەنجام درا. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، لای خۆیەوە سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، پشتیوانی خۆی بۆ داواکارییەکانیان دوپاتکردەوە و ئەوەی خستەڕوو، پیشتریش کاری جدی کردوو لەسەر ئەو داواکارییانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و هەندێ ڕێکارەوە تا ئێستا نەتوانراوە جێبەجێبکرێت، بەڵام ئیدارەی گەرمیان بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنیان.

نەشتەرگەرییەکە بریتی بوو لە دانانی دەمارێکی دەستکرد بۆ نەخۆشێک کە هەردوو گورچیلەی لەکار کەوتبوو و پێویستی بە شۆردنی گورچیلەکان هەبوو، ئەم نەشتەرگەرییەش بە سەرپەرشتیی تیمی نەشتەرگەریی نەخۆشخانەی هەولێری فیترکاری ئەنجام درا.

وەزیری ئەوقاف: بەرپرسیاریەتی ئەمانەتە و دەبێت هەر یەکێکمان بەپێی ئاستی بەرپرسیاریەتی لە خزمەتی هاووڵاتیاندا بین



لە پەیامنگای کوردستان بۆ وتاربێژان، بەئامادەبوونی د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە مەراسیمێکدا بڕوانامەی بەشداری خولی توانا سازی مرۆیی و کارگێڕی بەسەر بەشداربووان و سەرجەم بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی دابەشکرا. لە وتەیەکدا وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند: ئەم خولە بەردەوامی دەبێت و ئامانجی سەرەکیش بەردەوام و پێشخستنی بواری بەڕێوەبردن و ئەدای کارکردنە، هیواشی خواست کەدوای کۆتایی هاتنی خولەکە زانیاریەکان ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان هەبێت. هەروەها ڕایگەیاند: بەرپرسیاریەتی ئەمانەتە و پێویستە هەر یەکێک بەپێی ئاستی بەرپرسیاریەتی لە خزمەتی هاووڵاتیان و سەرجەم پێکهاتەکانی کوردستانی ئازیزماندا بین.

جێگەی ئامارژەیە خولی پەرەپێدان بۆ نزیکەی هەفتەیە بەردەوامی هەبوو و سەرجەم بەڕێوەبەرانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی سەر بەوەزارەت بەشداریان تێدا کرد.

یەکەمین کۆنگرەی نانۆ تەکنەلۆجی و پراکتیککردنەکانی لە زانکۆی سەلاحەدین بەڕێوەچوو



بەئامادەبوونی وەزیری پیشەسازی و بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پ.د.ئەحمەد ئەنوەر دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین، وەزیری پیشەسازی حکومەتی عێراقی فیدرال، یەکەمین کۆنگرەی نانۆ تەکنەلۆجی و پراکتیککردنەکانی بەهاوبەشی زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی مەلایا لە وڵاتی مالیزیا و وەزارەتی پیشەسازی عێراقی فیدرال لەهۆڵی کۆچەر بیرکاری سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەدین ئەنجامدرا. سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەوتەیەکدا گوتی: نانۆ تەکنەلۆجی ئێستا لە زۆربەی بوارەکانی زانستدا هەیە، بە تایبەتیش لەڕووی پیشەسازی و پزیشکیدا، هەروا مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەدین لەم بابەتەشدا پێشنگی ناوچەکە و زانکۆکانن ئەمەش بەبەشداریکردنیان لەهەموو ئەو کۆنگرانەی لەبواری نانۆ تەکنەلۆجیدا لەناوەوە و دەرەوەی وڵاتدا ئەنجام دەدرێ.

ئەم کۆنگرەیە 2 ڕۆژ دەخایەنێت و 87 توێژینەوە لەخۆ دەگرێ و دابەشکراوەتە سەر 3 تەوەر، تەوەری یەکەم سەبارەت بە پراکتیکی بایۆتەکنەلۆجی و دووەمیش بەناویشانی دروستکردنە و خەسڵەتە و سێیەمیش بەناونیشانی نانۆ وەزیە.

نۆێنەری ڕێکخراوەکانی بواری ئەنفال و ڕاگیراوان و زیندانیی سیاسی یاداشتێک دەدەنە ئیدارەی گەرمیان

خەبات ـ سەریە یوسف: دوێنێ نۆێنەری ڕێکخراوەکانی بواری ئەنفال و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی، سەردانی ئیدارەی گەرمیانیان کرد لە یاداشتێکدا چەند داواکارییەکیان خستەڕوو. وێنەیەکی ئەو ڕاگەیەنراوە بە خەبات دراوە و هاتووە: لە کۆبونەوەیان لەگەڵ سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان نۆێنەری ڕێکخراوەکانی بواری ئەنفال و زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی، باسیان لە ڕەوشی ژیانیان کرد و چەند داواکارییەکیان خستەڕوو، کە خۆی دەبینییەوە لە دابینکردنی موچە بۆ زیندانیانی سیاسی لە وەجبەکانی (9،10،11،12،13) دابینکردنی زەوی بۆ ئەو ڕاگیراوانەی فەرمانی زەویان بۆ دەرچووە، لەگەڵ پێدانی زەوی بەو ڕاگیراوانەی ژمارەی زەویيان وەرگرتووە، لەگەڵ چەند داواکارییەکی تر. بەپێی ڕاگەیەنراوەکە، لای خۆیەوە سەلاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان، پشتیوانی خۆی بۆ داواکارییەکانیان دوپاتکردەوە و ئەوەی خستەڕوو، پیشتریش کاری جدی کردوو لەسەر ئەو داواکارییانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و هەندێ ڕێکارەوە تا ئێستا نەتوانراوە جێبەجێبکرێت، بەڵام ئیدارەی گەرمیان بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ جێبەجێکردنیان.

ئەمین گەردیگلانی:

منداڵان بناغەی ژیان و وڵات و داهاتوومانن

دیمانە: ڕۆستەم خامۆش

بۆ زیاتر گرنگی و بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان و ئاوڕدانەوە لە کەسایەتییەکانی ئەو بوارە، بە پێویستمان زانی ئەم دیدارە لەگەڵ شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ئەمین گەردیگلانی ئەنجامبدەین، کە خاوەنی 32بەرهەمی چاپکراوە، لەوانە: چواریان بۆ منداڵانن. ئەمین گەردیگلانی لە ساڵی 1970ی زایینی لە گوندی (گەردیگلان)ی نزیک شاری بۆکان، کە ئێستا ئەم گوندە سەر بە شاری(سەقز)ـە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە.

*** چۆن بوو ئاوڕت لە ئەدەبی منداڵان دایەوە و بڕیارتدا پێنووسەکەت بۆ ئەو وتوێژە گرنگەی کۆمەڵگە تەرخان بکەیت و بۆ زارۆکان بنووسی؟**

– من بە منداڵیی ژیانێکی تاڵ و ناخۆشم هەبوو، ئەگەرچی لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت نەبووم, بەڵام هیچ کات هەستم بە دڵخۆشی نەکرد و بە دڵی خۆم جلوبەرگیان بۆ نەکڕیم. ئاواتم بۆ ژیانی منداڵە هەژارەکانی گوندەکەمان دەخواست، چونکە ئەوان پایسکیل و جلوبەرگ و پێڵاوی باشیان لە پێدا بوو, بەڵام من کوڕە جوتیار و دەوڵەمەندیش بووم بەڵام هیچم نەبوو. تەنانەت نەیانهێشت بخوێنم و نەیانناردمە قوتابخانە. هەتا پۆلی چوارەمی سەرەتاییم لە گوندەکەی خۆمان واتە: (گەردیگلان) خوێند و ئیتر دوای ئەوە باوکم لە مااڵی باوان هاتەدەرێ و ماڵمان هاتە شاری بۆکان و ئەمجارەیان بە ڕاستی ژیانێکی هەژارانەمان هەبوو. چونکە تەمەنم چووبووە سەرێ لە قوتابخانە ڕایانەگرتم و نارديانمە خەیاتی و هەموو ئاواتەکانیان کوشتم. بە حەسرەتەوە چاوم لە قوتابخانە جلوبەرگیان دەڕوانم و حەز دەکەم لێیان نزیک ببمەوە و دنیای دەروونیان بناسم و سەر بە قوژبنی دڵ و ئاوات و هیواکانیاندا بکەم.



منداڵان بناغەی ژیان و وڵات و داهاتوومانن, ئەوان ئەمڕۆ منداڵن و سبەی دەبنە گەنج و پاشان دەبنە پیاو و ژن و ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ دەیانەوێ بە منداڵان بڵێن چۆن هەستن و چۆن دانیشن و چۆن نان بخۆن و... وەڵماسڵ لە ویستی ئەوان لانەدەن. دەبێ بڵێم ئەو جۆرە نووسینانە بۆ منداڵ نەک هیچ قازانجێکی نییە بەڵکوو زۆریش پڕ زیان و مەترسیدارە.

*** بە ڕای تۆ، سوودەکانی ئەدەب چین بۆ منداڵ؟**

– ئەدەبی ڕاستەقینەی منداڵ, ڕاهێنەرێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ منداڵان، ئاوێنەیەکە منداڵ خۆی و ڕاستییەکان و خەیاڵ و ئاواتەکانی خۆی تێدا دەبینێ. وەک دەزانین قارەمانی زۆربەی چیرۆک و شیعری منداڵان ئاژەڵن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر پاکی و بێ فرۆفێڵیی ئاژەڵان ,کە منداڵانیش وەک ئاژەڵەکان فێڵ و تەڵەکە نازانن و ڕوالەت و دەروونیان وەک یەکە. هەر منداڵێک چاو لە تەمەنی حەفدە ساڵییەوە ڕووم کردە شیعر نووسین و زیاتر شیعری عاشقانەم دەنووسێ. دوای دە ساڵ واتە: لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا یەکەم کۆمەڵە شیعرم بە ناوی (تاپۆی وەرزێکی سەوز) بڵاوکردەوە و لە لایەن جەماوەر پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێکرا.

دواتر دوو کۆمەڵە شیعری دیکەشم بە ناوەکانی (شەوەژانی ئەستێرەیەک) و (مەرگەخەون) بڵاوکردەوە. لەو ماوەیەدا زۆر جاریش شیعری منداڵانیشم دەنووسی و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردنەوە. کۆمەڵە شیعرێکم بۆ منداڵانیش بڵاوکردەوە بە ناوی (خۆر و لاولاو) تا ئێستا گەیشتۆتە چاپی پێنجەم.

بۆیە ئێستا زۆر بە وردی لە منداڵان و ژیان و ڕەفتار و جلوبەرگیان دەڕوانم و حەز دەکەم لێیان نزیک ببمەوە و دنیای دەروونیان بناسم و سەر بە قوژبنی دڵ و ئاوات و هیواکانیاندا بکەم.

منداڵان بناغەی ژیان و وڵات و داهاتوومانن، ناسین و دەستگرتنیان زۆر گرنگە و هەر کۆمەڵگا و دەسەڵاتێک گرنگی بە منداڵان نەدات و بۆ گەشەی فیکری و جەستەییان تێنەکۆشێ بێگومان ئەو کۆمەڵگایە داهاتوویەکی ڕەشی دەبێ و لە گەلان وەدوا دەکەوێ. هەر بۆیە حەز دەکەم تێکەڵ دنیای منداڵان ببم و ئەوەی لە دەستم دێ بۆ شادی و گەشەی فیکر و دڵیان هەوڵ بدەم.

*** لە دید و تێڕوانینی تۆ، ئەدەبی منداڵان چیە و چۆن پێناسەی دەکەی؟**

– ئەدەبی منداڵان ئەدەبێکی پاک و بێگەرد و دوور لە مەرایی و درۆیە. دنیای منداڵان وەک دڵی خۆیان پاک و بێگەردە و وەک چاوی خۆیان گەش و ڕووناکە ئەگەر گەورەکان لێیان پیس و لێڵ نەکەن. ئەدەبی منداڵان فێڵ و گزی و قین و ڕقی تێدا نییە، هەر وەک لە ژیانیشیاندا ئەوە نییە.

*** جیاوازی نووسین بۆ گەوران و منداڵان چیە، هەندێ کەس پێیان وایە نووسین بۆ منداڵ تەنها هەندێ وشەی سادەیە، ڕاو بۆچوونی بەڕێزت چیە لەسەر جیاوازی نێوانیان؟**

– من پێم وایە شیعر نووسین بۆ منداڵان زۆر لە نووسین بۆ گەورەکان دژوارترە و وشەی سادە و دێڕی کورت نابێتە شیعری منداڵان. شیعری منداڵان دەبێ وەک دڵ و دنیای خۆیان خەیاڵاوی بێت. ئێمەی گەورە پێمان وایە منداڵان تێناگەن و هیچ نازانن، بەڵام وانییە و زۆر خاوەن بیر و فکر و خەیاڵن ,بە شەرتێ لێیان نزیک ببمەوە و بتوانی خۆت منداڵ بکەیەوە. منداڵ زیاتر لە نێو دنیای خەیاڵەکانی خۆیدا دەژی و شاعیر و نووسەری منداڵ دەبێ ئەو دنیایە بناسێ. ئەدەبی منداڵ ناموژگاری کردن نییە. بە داخەوە زۆربەی شیعرەکان کە ناوی منداڵانەیان لێ دەنێن و بڵاویدەکەنەوە، فڕیان بە سەر شیعری منداڵانەوە نییە و گەورەکان شتێک دەنووسن کە بە قازانجی خۆیانە و دەیانەوێ بە منداڵان بڵێن چۆن هەستن و چۆن دانیشن و چۆن نان بخۆن و... وەڵماسڵ لە ویستی ئەوان لانەدەن. دەبێ بڵێم ئەو جۆرە نووسینانە بۆ منداڵ نەک هیچ قازانجێکی نییە بەڵکوو زۆریش پڕ زیان و مەترسیدارە.

*** بە ڕای تۆ، سوودەکانی ئەدەب چین بۆ منداڵ؟**

– ئەدەبی ڕاستەقینەی منداڵ, ڕاهێنەرێکی ناڕاستەوخۆیە بۆ منداڵان، ئاوێنەیەکە منداڵ خۆی و ڕاستییەکان و خەیاڵ و ئاواتەکانی خۆی تێدا دەبینێ. وەک دەزانین قارەمانی زۆربەی چیرۆک و شیعری منداڵان ئاژەڵن. ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر پاکی و بێ فرۆفێڵیی ئاژەڵان ,کە منداڵانیش وەک ئاژەڵەکان فێڵ و تەڵەکە نازانن و ڕوالەت و دەروونیان وەک یەکە. هەر منداڵێک چاو لە فیلمێک یان کارتۆنێک دەکات یان کتێبێک دەخوێنێتەوە. خۆی لە جێی قارەمانی سەرەکیی فیلم و کتێبەکە دادەنێ. دەبێ نووسەری ئەدەبی منداڵان زۆر وریا و چاوکراوە و وردبین بێت و تووشی هەڵەی خۆ بە ژیر و زانا زانین نەبێت و حوکم بۆ منداڵ دەرنەکات بە ئامۆژگاریی ڕاستەوخۆ فریویان نەدات.

*** وەکو دەزانین سەرەتای نووسین بۆ منداڵانی کوردزمان دەگەڕێتەوە بۆ "ئەوبەهارا بچووکان"ی ئەحمەدی خانی بەڵام ئەدەبی منداڵانی کورد لە ئێستادا چۆن دەبینێ؟**

دوای تەواوکردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (World Students Company / بۆ خزمەتگوزاری زانستی وپڕۆگرام / سنووردار)وە پاڵپشت بە ئەحکامی مادەی (۱۷۷) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ هەموارکراو من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بە مەرجێك ئەم بڕیارە بلاوبکرێتەوە بە پێ ی ئەحکامێ مادەی (۱٦۰) لە یاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالی ۱۹۹۷ ی هەمووارکراو ئەم بڕیارە نووسراوە لە بەروارى ۲۰۱۹/۱۱/۱۳
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان / بە وەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ۲۲٥۲۹
ڕێکەوت: ۲۰۱۹/۱۲/۱٦
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Smokers) بۆ بازرگانی نێرگەلە و توتنی نێرگەلە/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (Smokers) بۆ بازرگانی نێرگەلە و توتنی نێرگەلە و خەلوز و پێداویستی نێرگەلە/سنوردار) لە ڕێکەوتی (۲۰۱۹/۱۲/۱٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (محمد ابراهیم قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (۱٦۰) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (۲۱) سالّی ۱۹۹۷ی هەمواركراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەروارى ۲۰۱۹/۱۲/۱٦
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

DNO
EST - 1971

Job Title	Mechanical Technician
Work Location	Field (Peshkabir)

Key responsibilities, but not limited to:

- Preventive maintenance routines on a variety of static and rotating mechanical equipment including pipework, valves, vessels, generators, pumps, compressors, lifting equipment and wellhead equipment
- Trouble-shooting and repair of mechanical equipment
- Preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Interface with projects with regard to construction, pre-commissioning and commissioning of new equipment
- Test and repair of faulty mechanical components

Required Qualifications & Experience:

- Degree or diploma in Mechanical Engineering
- Minimum 3 years industrial experience in electrical systems, control systems and PLC's.
- Maintenance experience in the Oil and Gas, Petrochemical or Power Generation industry
- Ability to understand engineering drawings and technical instruction manuals

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

Job Title	Production Supervisor
Work Location	Field (Peshkabir)

Key responsibilities, but not limited to:

- Troubleshoots all problems related to oil production on the facilities, organizes and follows-up corrective actions where needed.
- Ensures that operating procedures are properly followed and set production target are achieved.
- Ensures that production operations such as pigging, sampling and testing are performed according to planning.
- Developing and implementing operational procedures and continuous improvement programs to propel the achievement of production goals and objectives and realize upwards of improvement in efficiency
- Identifying bottlenecks and establishing new processes to increase productivity
- Maintains work flow by monitoring steps of the process; setting processing variables; observing control points and equipment; monitoring personnel and resources; studying methods; developing reporting facilitating corrections to malfunctions within process control points; initiating and fostering a spirit of cooperation within and between departments.

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree holder (In Petroleum, Process, Chemical, Mechanical engineering) with 7 yrs experience in relevant field with good knowledge in DCS and SCADA systems
or
- Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 10 yrs. experience with good knowledge in DCS and SCADA systems
or
- Graduation in Science and 10 yrs. experience with good knowledge in DCS and SCADA systems
- To ensure compliance of the production activities with safety and environment rules.
- Prepares modification request as per modification procedure.
- Academic background in Diploma or bachelor's degree in Engineering skills

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

Job Title	Assistant Storekeeper
Work Location	Field (Peshkabir)

Key responsibilities, but not limited to:

•To take instructions from Storekeeper/Warehouse Superintendent to assist in the daily operation of the warehouse and/or yards.
•To learn about the different material management functions and accept advice and teaching from Storekeeper/Warehouse Superintendent.
•To ensure the receipt, storage and issue of all materials is conducted in accordance with good warehousing practices & DNO standards
•To check all material receipts to ensure compliance with purchase orders
•To check all materials returned to the warehouse from clients are in accordance with the documentation and in good condition
•Manual Loading / Off-loading of PO Materials.
•Operate Forklift as & when required
•Prepare Materials from Job Order requests for end-users, as requested in a timely manner. Ensure Epicor transactions are processed accurately
•Ensure that items are appropriately placed on shelves and racks according to their types and sizes.
•Ensure that all materials stored are in good condition and report any damaged materials when noticed
•To assist in cycle stock checks by recording, counting & moving materials around as instructed
•Assist in reporting of warehouse general consumable usage to assist in the re-ordering process
•Carry out housekeeping duties at the end of every working day as instructed
•Follow DNO HSSE Standard & Procedure

Required Qualifications & Experience:
•At least two year's knowledge and experience in warehouse operations.
•Working knowledge of relevant best practices & standards
•Ability to take instructions and act on them in a safe and timely manner.
•Understanding of basic material preservation practices
•Must speak & read English & Kurdish
•PC Literate

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

Job Title	CPF Operators
Work Location	Field (Peshkabir)

Key responsibilities, but not limited to:

- Monitor and check the plant condition and status and operating parameters on site in accordance with set schedules for taking readings, samples and general observation of plant and equipment
- Undertake minor maintenance activities and monitor and maintain a high standard of house-keeping
- Assist in the design and application of process isolations to facilitate the safe execution of maintenance activities
- Management of chemical dosing and stock levels
- Assist the Production Team Leader in gathering the necessary information for daily and weekly reporting
- Seeks process and procedural improvement opportunities

Required Qualifications & Experience:

- Petroleum Institute graduate
- > 5 years oilfield or industrial experience

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

Job Title	E&I Technician
Work Location	Field (Peshkabir)

Key responsibilities, but not limited to:

- Preventive maintenance routines on process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Installation of temporary electrical power supply and lighting systems
- Trouble-shooting and repair of process control instrumentation and electrical distribution and control systems
- Preparing and planning maintenance tasks including ordering spares, support services and developing risk assessments and work permits
- Interface with projects with regard to construction, pre-commissioning and commissioning of new equipment
- Test and repair of faulty electrical and electronic equipment

Required Qualifications & Experience:

- Electrical Engineering Degree
- Minimum 3 years industrial experience in electrical systems, control systems and PLC's.
- Maintenance experience in the Oil and Gas, Petrochemical or Power Generation industry

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

Job Title	Maintenance Supervisor
Work Location	Field (Peshkabir)

Key responsibilities, but not limited to:

- Establishes and updates the short term maintenance plans for the Peshkabir Site by working closely with the Maintenance Planner
- Inputs to the 14/90 day planning process as required
- Supervises and assigns work activities to Maintenance Team and monitoring the activities as per plan
- Supports the maintenance team with technical and coordination issues
- Promotes accurate reporting and feedback
- Manages the spares purchasing and stock management on the Site
- Oversees the quality of the maintenance activities
- Coaches and mentors the maintenance team in order to develop their abilities

Required Qualifications & Experience:

- Engineering Degree holder Mechanical engineering with 7 yrs. experience in relevant field experience with CMMS systems (Epicor advantageous) or
- Diploma holder in above mentioned subjects and minimum 10 yrs. experience with CMMS systems (Epicor advantageous)
- Strong mechanical aptitude with the ability and desire to learn
- Ability to interact with staff and others in an open, friendly manner.
- Ability to follow complex instructions with minimal supervision.
- Ability to work independently.
- Good housekeeping skills

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

www.xebat.net
پێنج شەممە 2020/1/23 ژمارە (5917)
خەبات

گەشتێک بەناو کتێبی کۆچ و هەتاو



ئاکۆ عەبدولا

ساڵی رابردوو بە تیراژی 1000دانە لە چاپخانەی تاران کتێبی (کۆچ و هەتاو- چامەی شیعریی شاعیر داناز عەبدولڕەحمان) لە بەرگێکی سەنگین و تۆکمە چاپکرا. ئەو کتێبە هەوڵێکی دیکەی دکتۆر عەبدولا ئاگرینە لە پرۆژەکەی (ئەدەبی مەرگ) کە بەهۆی کۆچیدوایکردنی مامۆستا (شەمسە کەریم غەفور) ی هاوسەری گرتوبەتەبەر و لەناو ئەدەبی نوێی کوردیش دەنگیداوەتەوە.

کڕۆکی ئەو جارەی ئەو بەرهەمە تایبەتە بە چامە شیعرێکی داناز عەبدولڕەحمان بەناوی (خاتوو شەمی ئەولا ئاگرین) و هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەدەبیانە بۆ ئەو بەرهەمە. ئەو چامە شیعرە دەربڕینێکی پڕ بەزەییانەی باری دەروون و ناخی دکتۆری ناوبراوە بەهۆی کۆستە گرانەکەی کە تێیدا شاعیر بە وشەی پاراو و هەستی جوان و دیمەنی کاریگەرانە هەوڵیداوە بەرەو ناخی ئەو بارەی دکتۆر ڕۆبچێ، وەک لە سەرەتای بەرهەمەکەی بە جۆرە دەیبڕێوە:

لەبەر پەنجەرەی ڕۆشنایی شەمێ
زۆر دوور ئەڕوانم بۆ ئەقینی ئەو
ڕۆژگاری عومرم، ڕەش داگیرساوە
کز کز ئەسوتێ، لە دامینی شەو
فرندەی ئەڤین، دوورە لە کانی
زامدارە باڵی و ناتوانێ بفڕێ
گەرووی من وشکە، بۆ قومێ ئەڤین
مانگیش بە دەستی فرمێسکم ئەسڕێ

دواتر بەردەوامدەبێت و وینە لە دوای وێنە بارەکان دەکێشی و دەگاتە ئەوەی بڵێ:

کە ناوێ شەمێ دێتە بەر گوێی من
بارانی چاوم، خۆش ناکاتەوە
دڵم هاوشێوەی، مەڵێکی زامدار
باوەش بۆ مەرگی شەم ئەکاتەوە

بەوەندە ناوەستێ و زیاتر ڕۆدەچێت، دەڵێی لەناو ناخی پەنگخواردووی دکتۆر چەقیوە و هەمان هەناسەی بەسۆی ئەویش هەڵدەمژێ و بەهەمان چاوی فرمێسک تێزاوی ئەویش دەڕوانێ، بۆیە بەو جۆرە بەردەوامدەبێت:

هەمێستا چەشنێ، کەشتێکی شکاو
لە کەنار غەما، نوقمی ژێر ئاوم
نیگام بیرمە، هەر چاوێکی تر
ئاوێنەی شکاو، دێتە بەر چاوم
تا بەو جۆرە چامەکەی بە کۆتا دەهێنێ:
ئەم دڵە ساردەم، چەشنی زستانە
پەیف و تروسکەی شەمی پێناگا
بێجگە لە دیدە و نیگای ئەوینی
لە هیچ زمانی عەشقێک تێناگا

گومان لەوەدانییە چەندی شاعیر لە دەربڕین و دانانی شیعر لێزان و وشە سازبێت، ئەگەر لەناخدا بە بابەت و ناوەرۆکەکەی کاریگەر نەبێ، ناتوانێ بگاتە ترۆپکێک کە هەم ناخی خۆی دامرکێنێ هەمیش گەواهی پلە بەرزی بۆ بدرێ. لەوەشدا شاعیر ئەو مەبەستەی پێکاوە. ئەوەتا دکتۆر عەبدولا ئاگرین سەبارەت بەو بەرهەمەی شاعیر لە لاپەڕەی13ی ئەو کتێبەی نووسیویەتی (شیعرەکانی ڕاشکاوانە دەدەوشێنەوە، ئاوازی شیعری و کێش و ئیقاع و سەروا و مۆسیقای ناوەوە و دەرەوە، زۆر شەوقدارانە دەردەکەون ... هەر ئەو خەسڵەت و هەل و مەرجە زانستانانەیە، وایکردووە، دەیان پسپۆڕی دنیای ئەدەب لە مامۆستایانی زانکۆ و پڕۆفیسۆر و دکتۆر و ئەدیب و شارەزایانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ئەکادیمیانە، بەشێوازی دارشتن و بینای شیعرەکانی ڕازی بن و لایان پەسند بێت و دەم و دەست خۆشی و ئافەرینی لێبکەن).



دواتر لە لاپەڕەکان 15و 16سەبارەت بەو چامە شیعریە دەڵێت : "ئەم چامە شیعرییە بریتییە لە 80دێڕی شیعریی یەک بە دوای یەکدا و هاتوو و هەر هەموویان یەک کێش و سەروایان هەیە و خاوەنی یەک ریتم و لە شێوەی چیرۆکێکی ئەدەبی تەواو دایە.. (سەرەتا ، گەیشتنە لوتکە ، کۆتایی و ئەنجام) تێیدا بەرجەستەبوون... بە زمانێکی پاراوی تەڕ و ناسکی هەست بزوێن هۆنراوەتەوە". تا دەگاتە ئەوەی بڵێت : "لە ڕووی بنیات و هارمونیی واتا و چێژ و بینای هونەرییەوە، لە یەکەم دێڕەوە تاکو دوا دێڕ .. یەکێتییەکی ئۆرگانی پێکدەهێنێت و خەسڵەتێکی فەلسەفەی سەرەکی و بنچینەیی چامەکە یەکە یەکێتییەکی تۆکمە و پتەوی نەپچڕاوی سەرتاپای چامەکە ، ناخ و ڕوخساری پێکهێناوە".2. لەو کتێبەدا جگە لە دکتۆر عەبدولا ئاگرین کۆمەڵێک کەسانی ئەکادیمی و شارەزا لە شیعر و ئەدەب، خوێندنەوەیان بۆ ئەو چامەیە کردووە. دکتۆر کەمال غەمبار لە لاپەڕە 22 دەڵێت :"چامەکە لە ڕووی کێش و سەرواوە شێوازی کۆنی بە خۆگرتووە، بەڵام لە ڕووی مانا و دارشتنەکەی و بەکارهێنانی هونەری ڕوونبێژی پێرەوی شێوازی تازەی کردووە". دواتر دەڵێت :"شاعیر بنیاتی شیعرەکەی بە شێوەیەکی تۆکمە دارشتووە کە یەکێتی بابەتی پاراستووە لە ڕێگەی ڕەوتی بەستنەوەی چوارینەکان بەیەکەوە بەستراون". دواتر سەبارەت بە زمانی شاعیریش لە لاپەڕە 26دەڵێت : "زمانی شاعیر زمانێکی پاراو و سفت و سۆڵە ، زمانی سیحری بەیان و زیندوویە ، زمانی شیعر ئامێزە، زمانێکی کراوەیە نەک داخراو، سیمای داهێنانی تێدایە". دواتر لە لاپەڕە 27 بەو جۆرە بەهای بۆ ئەو چامەیە داناوە (ئەم چامە شیعرییە لە بابەت ئەدەبی مەرگەوە جوانترین و سەرکەوتوترین شیعرە کە شاعیر توانیویەتی بچێتە ناو جیهانی شەمسەخان و (کاکەوڵاوە)".

دواتر پ. ی. دکتۆر (ئیدریس عەبدولا) لە لاپەڕە 28ی ئەو کتێبە لە بارەی چامەکە دەڵێت: "چامەیەکی پڕ لە هەست و سۆزی ناسک و پڕ لە غەمی تەنیایی و بێ شەمییە ، گوزارشتێکی هونەری لە ژیانی دکتۆر عەبدولا ئاگرین دەکات، لەو قۆناغەی کە لە دوای مەرگی شەمسەخانی خێزانی تێیکەوتووە). دواتر دەڵێ :"ئەم چامەیە لە ڕووی بەلاغییەوە چامەیەکی ڕوونە ، چونکە هەمووی وێنەی ڕوونبێژییە ، لەنێویشیان وێنەکانی (خواستنی درکاو)". ئینجا لێکدانەوەی بۆ لایەنی ڕەوانبێژی یەکە یەکەی چوارینەکان کردووە و ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی ئەو هونەرەی خستۆتەڕوو.

دواتر پ. ی. دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن سەبارەت بەو کۆستە دەڵێت: "ئەم کۆچکردنە لە ژیانی دکتۆر عەبدولا ئاگرین بوو بە سۆزێکی گەرم و خۆشەویستییەکی بەرچاو و کێشەیەکی ڕۆژانە ، لەوەش زیاتر مەرگی ئەو خاتوونە بۆ دکتۆر عەبدولا بوو بە بابەتێکی ئەدەبی و چەندین نووسین و وتار و شیعر و کتێبی لێکەوتەوە، گەیشتە ئەو ئاستەی بە ناوی (ئەدەبی مەرگ) چووە ناو بەرنامەی خوێندنی بالا". دواتر دەڵێت : "ئەم بابەتە ئەدەبییەی کە دکتۆر ناوی لێناوە (ئەدەبی مەرگ) هەروا لە خۆوە دروست نەبووە، بەڵکو ئەنجامی ئەو سۆزە گەرم و خۆشەویستییە بەردەوامەی دکتۆر ئەولا ئاگرینە ، کە لە دوای مەرگی خاتوو (شەمسە کەریم غەفور) کەوتە سەر زرا و نێو ڕۆژنامەکان. سەبارەت بەو کارەی شاعیریش نووسیویەتی (شاعیرێک بەهەست و سۆزی کەسێکی تر شیعر بنووسێ و سەرکەوتوبێت، کارێکی ئاسان نییە!)


دواتر لە لاپەڕە 51ی ئەو کتێبە پرۆفیسۆری یاریدەدەر عادل گەرمیانی نووسیویەتی (هەرچەندە شاعیر زۆر ناسراونییە ، لە جیهانی شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، بەڵام بە ڕاستی ئەم چامە شیعرییە ، توانیویەتی بەهرە و توانای شیعری خۆی دەربخات). دواتر لە لاپەڕی 53بەردەوامدەبێت و دەڵێت : "بەڕاستی هۆنیار زۆر بە جوانی بووتە زمانحاڵی ئەولا ئاگرین و چەندان وێنەی شیعری جوانی پێشکەشکردووە وەک هاوسەنگی بابەتی بۆ خەمەکانی دکتۆر عەبدولا ئاگرین. دەتوانین بڵێین وێنەکانی هاوسەنگی بابەتی جۆرێکە لە وێنەی فەلسەفی نێو ئەم چامە شیعرییە ، کەوا هۆنیار بە هەڵبژاردنی پەیڤی کاریگەر، توانیویەتی چەندین وێنەی هاوسەنگی بابەتی پێشکەش بکات". لە لاپەڕی 58ی کتێبەکەش عەبدولا عەباسی شاعیر بەو جۆرە وەسفی ئەو چامەیەی کردووە : "ئەو شیعرە بەرهەم و داهێنانی، خاوەن قەڵەمێکی ڕاستگۆیە..!"

لەلایەکی دیکەکە کتێبەکە محسن ئاوارەی شاعیرش خوێندنەوەی بۆ هەندێک لە وێنەکانی ناو چامەکە کردووە. ڕزگار جەباریش لێکدانەوەی ورد و زانیاری زۆری سەبارەت بە قاڵبی شیعرەکە و ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی ناوی خستۆتەڕوو و لێکدانەوەشی بۆ چەندان دێڕی کردووە بە تایبەتی لە بەکارهێنانی وشەی شەم لە دێڕەکانی چامەکە.

دکتۆر سەگڤان عەبدولڕەحمان تەهاش بە شێوەزاری بادینی لێکۆڵینەوەی بۆ چامەکە کردووە. دواتر م. فرمێسک موسلیح محەمەد لە ڕوانگەی دەنگ و میوزیکەوە لە چامەکەی ڕوزانیوە و کۆمەڵێک ئمونەی بۆ کاریگەری دەنگی و میوزیکی پیت و وشەکان هێناوە. م. سۆران مامەند عەبدولاش لەلایەڕی 111ی ئەو کتێبە بەو جۆرە وەسفی شیعرەکەی کردووە (لە ڕاستیدا ئەم چامە شیعرییە هەڵگری وێنەگەلێکی هونەری زۆر بەرز و ئیستاتیکین بە جۆرێک، وەکو کامێرایەک بەناو دل و دەروون و زەینی (ئەولا ئاگرین) دا گەڕامەوە و مۆنتاژی دیمەنەکانی ژیانی ئەم دوو کۆترە عاشقە کە (شەم و ئەولا)یە کردووە). لەتەک هەموو ئەوانەی ناومان هێنان لەو کتێبەدا وەرگێڕانی چامەکەش زمانی عەرەبی دەبینین کە لەلایەن دکتۆر نەوزاد خۆشناو وەرگێڕدراوە.

لە کۆتایی ئەو کتێبە پەخشان و چامەیەکی دیکەی شاعری ناوبراو دەخوێنینەوە، چامەک بەهەمان شێوەی چامەکەی پێشوو، کێشانی وێنە بەسۆبەکانی مردنی خاتو شەمسە. هەروەها چەند وێستگەیەک لە ژیان و کار و بەرهەمەکانی داناز عەبدولڕەحمانی شاعیریش دەبینین.

چۆلەکەی ئاگرین لە ڕوسیاوە بەرەو ئەوروپا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

جاران هونەری باڵێ لەهەموو ئەوروپادا تەنها وەک هونەرێکی کلاسیکی دەناسراو لەو سنوورەشی تێنەدەپەڕاند، چ لەڕووی موزیک و چ لە ڕووی سەماو چ لەڕووی ڕاهێنانیشەوە، کاتێکیش کە هونەری باڵێ لەڕوسیاوە خزایە پاریس و لەوێشەوە بەرەو سەراپای ئەوروپا و دواتریش بۆ هەموو جیهان وەک هونەرێکی نوێ و سرنج ڕاکێش تەماشا دەکرا، نیدی هەر لەسەرەتاوە بوو بە مایەی ڕوو تێکردنی خەڵکی لەو هونەرە، زۆرێکیش پێیان وابوو کە ئەو هونەرە ئەگەرچی لەڕەسەندا بەکلاسیکی ناونراوە، بەڵام تێکەڵە لە ڕۆمانسیەت و هونەری نوێ، چونکە هەرتەنها هونەرێک ناگرێتە خۆی بەڵکو پێکهاتەیەکە لەئاوێتە بوونی کۆمەڵێ هونەر لەژێر چەتری یەک هونەر کە ناوی هونەری باڵێیە، بۆیە سەرهەڵدانی هونەری باڵێ لەئەوروپادا زێدەکارێک بوو بەسەر هونەرە باوەکانی ئەو دەمەی ئوروپا لەموزیک و نیگارو تەنانەت لەسەر شانۆ ئۆراپڕاشدا..

لەنێو سەرهەڵدانی ئەو شۆرشە هونەرییە لەئەوروپادا ناوی (دیاگلیف) لەو ناوانە بوو کە لەسەر زاری هەموو خەڵکییەوە بوون چونکە ئەو دەست پێشخەری یەکەم بوو لەگواستنەوەی ئەو هونەرە لەروسیا بۆ ئەوروپاو هەموو جیهان.

بۆیە کاتێ دیاگلیف ساڵی 1909چووە پاریس لەلایەن هونەرمەندان و هونەردۆستانی ئەو شارە وەک هونەرێکی گەورەی جیهانی باڵێ پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، یەکەم هەڵگیرسانەوەشی لەشانۆی (شاتلییە) بوو کە کەوتۆتە ناو دڵی پاریس، دوای ساڵێک لەکار کردن ئەو هونەرە دوای دیداری (دیاگلیف) بەگەورە موزیک ژەنی جیهانیی (سترافنسکی) زێتر گەشەی سەند، چونکە(سترفنسکی) پێشی(دیاگلیف) موزیکی ڕووسی بەئەوروپادا بڵاو کردەوەو وای کرد بەشێوەیەک کەئەوان دەستپێشخەرووداهێنەری زۆر لەهونەرە جیهانییەکانن.

ڕەخنەگرێکی فرەنسی لە ڕۆژنامەی فیگارۆ دەنووسیێت و دەڵێت: (سترافنسکی) هیچی کەمتر نیە لەو موزیک ژەنە ناسراوانەی ولاتی خۆی کە بە داهێنەری گەورە ناسراون لەم بوارەدا، من دڵنیام ئەو شۆینی خۆی لە نێو ناوی ئەو ناوە پرشنگدارانەی موزیکی جیهانیدا دەکەنەوە.

چۆلەکەی ئاگر ـ کە وێستگەی یەکەمی بەیەک گەیشتنی ئەو دوو بلیمەتە ڕوسیە بوو، تا سەردەمانێکی زۆر هەر لەسەر تەختە شانۆییەکانی ئەورووپا گەشاوە بوو، چیرۆکی نمایشەکە لەکولتووریکی ڕوسی وەرگیراوە کە باس لە گەنجێک دەکات ناوی (میر ئیفان ترتیفیش)ە و ڕۆژێکیان لە دارستانێکدا ون دەبێت و بەدوای ڕێگەیەکدا دەگەڕێت لەو دارستانەدا ڕزگاری بێت، لەوێ چۆلەکەیەک دەبینێ و زۆر سرنجی ڕادەکێشی لەجوانی کە لە ئاگرو ڕوناکی دەچێ، زۆر جاران خۆی لەمیر نزیک دەکاتەوە تا میر دەستگیری دەکات، بەڵام دواتر بە ڕێکەوتن چۆلەکەکە لەبارتەقای سەمایەک و پەڕەموچێکی زێڕ چۆلەکەکە ئازاد دەکات، بەڵام دواتر کێشەی نێوان میرو چۆلەکە دەست پێدەکاتەوە، کاتێ چۆلەکە پەنا بۆ گەورەی دارستانەکە دەبا کە خوا وەندێکەو پێشتر لاشەی چەندین میرو پاشای کردۆتە بەردو ئەو بە بەرد بوونەش بۆ میر دەخوازێ، لەم پیلانەشی دا ئەو چۆلەکەیە بەکار دێنێ، بەڵام کاتێ میر دەکەوێتە دەست ئەو دەسەڵات دارە، کچەکان هەوڵی ڕزگار بوونی بۆ دەدەن، لەگەڵ سێنزە شازادەی تر کە کەوتبوونە هەمان داو، بەڵام ئەمجارە چۆلەکەکە تەلەسمەکە دەشکێنێ و هەموو شتێ ون دەبێ ومیرو هاوڕێکانی لە دارستانەکەدا بەردەوام دەبن لەسێو لێکردنەوە.

(میخائیل فوکینی) گەورە نووسەری ڕووس چیرۆکی چۆلەکەی ئاگرینی لەسەر ئەم ئەفسانە ڕوسییەوە نووسیووە، جیهانێکی خەیاڵی و سیحراوی دڵڕفینی دروست کردووە، دواتر دوای ئەو سەرکەوتنەی لەبەشی یەکەمی چۆلەکەی ئاگرین بەدەستی هێنا لەگەڵ تێپەڕبوونی سەردەم چەند بەشێکی دیکەی لەو نمایشە پێشکەش کردووە.

سێیەمیان شازادەکان و ئاگر و چەند بەشێکی تریش، چونکە خواستی خەڵک بۆ نمایشە بالێکە بەردەوام بوو، بەڵام لەهەر بەشێکی نوێ دا داهێنانێکی نوێ ی دەکرد.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم نمایشە لەو کاتەوە تا ئێستا بۆتە بنەما بۆ دروست کردنی زۆر فیلمی سینەمایی، بەچەندین شێوازی دیکەش لەجیهاندا پێشکەش کراوە، بەڵام هەمیشە یەکەم نمایشی ساڵی 1910لەبیر ناکرێت کە بنچینەی ڕاستەقینەی ئەو داهێنانە گەورەیە بووە.





هێمن سەعدی: زۆربەی یاریگاکانی کوردستان بۆ یاریکردن گونجاو نین

خەبات: عدلی بانیشاری

هێمن سەعدی، کە لەناو وەرزشەوانان و هاوڕێکانیدا بە هێمن سێلفا ناسراوە 21ساڵە وەرزشی تۆپی پێ دەکات، ئەو ئێستا لە هێڵی بەرگری یانەی وەرزشی پێنجوێن یاری دەکات. لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ (خەبات) دەڵێ: ئەو یاریگایانەی کە شیاون بۆ یاریکردن بە پەنجەکانی دەست دەژمێرن، ئەوانەشی بە ستاندەری ئاسایی و نێودەوڵەتی دروستکراون نقومی کەم و کورتین.

هێمن سەعدی پێشتر بۆ یانەکانی (سیروانی نوێ، ئاشتی، هەڵەبجەی شەهید، سەیدسادق) یاریکردووە. سێ ساڵیشە بۆ یانەی وەرزشی پێنجوێن یاری دەکات و دەڵێ: بۆندەکەم لەگەڵ یانەی وەرزشی پێنجوێن بۆ وەرزێک درێژ کردووەتەوە. لەبارەی ئاستی یانە وەرزشییەکانی کوردستان؟ دەڵێت: سەرجەم یانەکانی کوردستان گەورەن، هەر یانەو سەنگ و قورسایی خۆی لەنێو مەیدانی وەرزشی کوردستاندا هەیە. سەبارەت بەو رەخنانەی ئاڕاستەی وەرزشی تۆپی پێ لە کوردستان دەکرێت؟ هێمن دەڵێ: رەخنەکان لە وەرزشی تۆپی پێ زۆرن. بەگشتی نەبوونی کەسی پسپۆڕ کە ببنە مایەی چارەسەرکردنی ڕەوشی وەرزش و ئەو کێشانەی لە نێو یانەکان هەیە کەمە. پێشی وایە هیچ ئیدارەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی وەرزشی تۆپی پێ بەدی ناکرێت.



ئەو یاریزانەی یانەی وەرزشی پێنجوێن باس لەوەشدەکات لە کوردستان سیاسەت تێکەڵ بە کایەی وەرزش کراوە، ئەوەش کاریگەری خراپی دروستکردووە. هێمن سەعدی پێی وایە نەبوونی دامەزراوەیەکی تایبەت بە وەرزش بووەتە هۆی ئەوەی مافی یاریزانان و وەرزشەوان پارێزراو نەبێت. لەو بارەیەوە زیاتر قسە دەکات و دەڵێت: یانەکانی کوردستان تەنها ئەوەندە کاریان بە یاریزانە تا خولەکانی پێ بەڕێ دەکەن، پاشان ئەو بڕە مووچەشی کە بۆیان دیاری کردووە تا کاتی دەستپێکردنەوەی خولەکان لێی دەبڕن. ئەو باس لە کەم و کورتییەکی دیکەی کایەی وەرزش لە کوردستان دەکات و دەڵێ: نەبوونی یاسا و پەراوێز خستنی وەرزش و وەرزشەوانان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە یەکێکی تری لە کێشەکانی ئێمە.

پرسیاری ئەوەمان لە هێمن سەعدی کرد کە یاریزانانی وەرزشی تۆپی پێ لە کوردستان لە چ ئاستێکدان؟ ناوبراو لە وەڵامدا گوتی: بەدڵنیاییەوە یاریزانمان هەیە لە ئاست یاریزانانی نێودەوڵەتییە، بەڵام نەبوونی کەرەستەی پێویست و گرنگی نەدان بە توانای گەنج و وەرزشکاران بە گشتی و نەگونجاوی بارودۆخی دارایی کوردستان وای کردووە بەشی زۆری ئەو توانا و بەهرانە بە شاردراوەیی بمێننەوە. سەبارەت بە رۆشنبیری وەرزشی لە کوردستان؟ ئەو یاریزانەی یانەی وەرزشی پێنجوێن دەڵێت: بەداخەوە رۆشنبیری وەرزشی لە کوردستان زۆر کەمەو لەو ڕووەوە زۆر لە دوای دراوسێ و ڕۆژئاوایەوین.



لە خولی نایابی کوردستان

ئەمڕۆ برایەتی و پێشمەرگەی هەولێر لە دێربی پایتەخت بەیەکدەگەن

سبەی دهۆک و هەولێر ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە

کارزان کانەبی

لەمیانی یاریەکانی هەفتەی دوازدەهەمی خولی نایابی یانەکانی کوردستان لە قۆناخی یەکەمی خولەکە بڕیارە ئەمڕۆ پێنج شەممە و سبەی هەینی شەش یاری گرنگ و بەهێز لە نێوان یانەکانی کوردستان بەرێوەبچێت ، ئەمڕۆ پێنج شەممە چەند یاریەک ئەنجام دەدرێت لە یاریگا جیاجیاکانی کوردستان لە دێربی پایتەختی کوردستان هەردوو یانەی برایەتی و پێشمەرگەی هەولێر ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یاریەش یاریزانانی هەردوو یانە چاویان لەوەیە لەم گەڕەدا سێ خاڵی یاریەکە بکەنە دیاری هاندەرانیان، برایەتی دەیەوێت ئەم یاریە بکاتە هەستانەوەی تیپەکە بەر لە دەست بەکار بوونی راهێنەری تازە و لەبەردەم هاندەرانیشی ئاست و ئەنجامی بەرچاو بێتە و بێتەوە نێو کێبڕکێیەکانی خانەکانی پێشەوە، پێشمەرگەی هەولێریش دەیەوێت لەسەر حیسابی یانەی برایەتی هەوڵی بەدەستهێنانی پێشەنگی یانەکان بدات و بە ریتمی هەفتەی رابردوو درێژە بە ئەنجامە باشەکانی بدات، لە دهۆکیش هەردوو یانەی زێرەڤانی و سۆران لە یاریەکی بەهێزدا بەیەک دەگەن، بۆ ئەم یاریەیش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری پێویستیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی شایستە دەستەبەر بکەن، زێرەڤانی چەند یاریەکە ئاست و ئەنجامی باش بووە دەیەوێت ئەم هەفتەیەش لەبەردەم هاندەرانی یانەکەی سێ خاڵی تر بەدەست بهێنێت، سۆرانیش دەیەوێت لە دهۆکەوە و بە ئەنجامی شایستە بگەڕێتەوەی قەزای سۆرانی پایتەختی شەهیدان و بۆ سێ خاڵی یاریەکەش دەجەنگن، لە سلێمانیش هەردوو یانەی پێشمەرگەی سلێمانی و هەندرێن لەسەر یاریگای فەرماندەیی ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یاریەیش یاریزانانی هەردوو دەیانەوێ بەر لە کۆتایی هاتنی ئەم قۆناخە سێ خاڵی گرنگ بەدەست بهێنن، لە قەزای کەلاریش یانەی شێروانە میوانداری زاخۆ دەکات، شێروانە دەیەوێت لەبەردەم هاندەرانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی لە خانەکانی دواوەی ڕیزبەند رزگاری بێت، زاخۆش دەیەوێت ئەم هەفتەیە بە سەرکەوتوویی لە دەرەوەی یاریگا بگەڕێتەوە زاخۆی دەڵال و سێ خاڵیش بکاتە دیاری هاندەرانیان، سبەی هەینیش لە دهۆکی ڕەنگین هەردوو یانەی دهۆک وهەولێر لە یاریەکی بەهێزدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە بۆ ئەم یاریەش یاریزانانی هەردوو یانە ئامادەکاری باشیان کردوە بۆ ئەوەی بتوانن سێ خاڵی یاریەکە بکەنە دیاری هاندەرانیان، دهۆکییەکان دەیانەوێ بە ئاست و بە ئەنجام هاندەرانیان رازی بکەن، هەولێریش چاوی لە سێ خاڵی یاریەکەیە بۆ زیاتر خۆی لە خانەکانی سەرووی ڕیزبەند نزیک بکاتەوە، لە سلێمانیش هەردوو یانەی نەورۆز و دەربەندیخان بەیەک دەگەن، نەورۆز دەیەوێت تۆڵەی شکستی هەفتەی رابردوو لە یانە میواندارەکەی بکاتەوە، دەربەندیخانیش نیازی ئاشت کردنەوەی هاندەرانی هەیە کە هەفتەی رابردوو سێ خاڵی لەدەست دابوو، ئەم هەفتەیەش یانەی سیروانی نوێ چاوەڕوان دەبێ، سەرجەم یاریەکانیش لەکاتژمێر دوو و 30خولەکی دوای نیوەڕۆ بەڕێوە دەچێت.

1-سیروانی نوێ20خاڵ
2-پێشمەرگەی هەولێر18خال
3-سۆران16خاڵ
4-نەورۆز 16خاڵ

سبەی لەخولی نایابی لاوانی کوردستاندا:

هەولێر میوانداری نەورۆز دەکات، کۆیە و هەندرێنیش ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

سبەی هەینی لە گەڕی دەیەمی خولی تۆپی پێی نایابی لاوانی کوردستان، چەند یاریەکی گرینگ بەڕێوەدەچێت، لەیاریگای کۆیە ،هەردوو یانەی کۆیە وهەندرێن ڕووبەڕووی یەکتردەبنەوە ،کۆیە لەم یاریەدا هەوڵی بردنەوە دەدات ، چونکە تیپی بەرانبەری لەخراپترین ئاستی خولەکەدا دەبیندرێت ولەپلەی دواوەی ڕێزبەندی خولەکەدایە ،لەبەرانبەردا هەندرنیش بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتنی دووەم و دەربازبوون لەپلەکانی دواوە ، هەولێ جددی دەدات بۆ بەدەستهێنانی 3 خاڵی یاریەکە ، لەیاری دووەمدا لەیاریگای فرەنسۆ هەریری / ? 2لاوانی هەولێر پێشوازی لەلاوانی نەورۆز دەکات، هەولێر لەپلەی حەوتەمی ڕێزبەندی خولەکە دەبیندرێت، لەبەرانبەردا لاوانی نەورۆز لەپلەی پێنجەمدایە، بۆیە یاریەکە بۆهەردوولا گرینگییەکی زۆری هەیە بۆ دەستەبەرکردنی 3خاڵی یاریەکە، واپێشبینی دەکرێت هەولێر نزیکتربێت لەبردنەوە و بەدەستهێنانی 3خاڵی یاریەکە، بەتایبەتی هەولێر لەناو یاریگاو هاندەرانی خۆیدا بەرانبەر نەورۆز یاری دەکات.

لەیاری سێیەمدا و لەیاریگای پێشمەرگەی هەولێر ، لاوانی پێشمەرگەی هەولێر میواندارە لە لاوانی سیروانی شارەزوور دەکات، ئەم یاریە بۆ پێشمەرگەی هەولێر تارادەیەکی زۆر گرینگە وهەستیارە ، بەتایبەتی لەکاتی بردنەوەیان لەسیروانی شارەزوور ئەوا ڕکابەری لەسەر پێشەنگ لەگەڵ زێرەڤانی دەکات، بۆیە بردنەوەی یاریەکە بۆ پێشمەرگەی هەولێر تاموچێژێکی تایبەتی خۆی دەبێت بەتایبەتی لەگرتنەوەی پێشەنگ نزیک دەبێتەوە.

سبەی هەینی ئەم یارییانەش ئەنجام دەدرێت:

شێروانە *سیروانی نوێ
پێشمەرگەی سلێمانی *ئالا
سەرجەم یاریەکان کاتژمێر 30?2 خولەک ئەنجام دەدرێت.

مامۆستایەکی وەرزشی فلیپینی لەدیمانەیەکدا

شارمی کریستۆبال: ئەگەر بودجەیەکی جێگیر هەبێت لەداهاتوویەکی نزیکدا چەندین گراندماستەر لە فلیپین دروست دەبێت







دیمانە: هاوار مورتکەیی

شارمی کریستۆبال -Sharmie Cristobal مامۆستای وانەی شەترەنجە لە قوتابخانەکانی فلپین، ئەو جگە لەوەی یاریی شەترەنج دەکات و هەروەها بەشداری پاڵەوانێتییەکانیش دکات، بەڵام سەرەتاکانی شەترەنج لە قوتابخانەیەکدا فێری منداڵان دەکات، ئەویش پشت بەستن بەو تیگەیشتنانەی لەراهێنەرەکەی خۆی فێری بووە لەگەڵ ئەو پرۆگرامەی لەبەردەستیدایە و لە فلپین پەیڕەو دەکریت، زیانیاری زیاتر لەم دیمانەیەی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دەست دەکەوێت.

چیرۆکی ئەو یاریی

شارمین کە لە ساڵ 1992لە شاری بولاکان لە فلپین لەدایک بووە، باس لە چیرۆکی فێربوونی ئەو یاریی دەکات و دەڵێت: لەراستیدا شەترەنج لەسەرەتادا ئەو یاریی نەبوو کە هەڵمبژارد، لەمنداڵی تا تەمەنی 11 ساڵی یاریی تۆپی باڵەم دەکرد، بەڵام رۆژێکیان بەوێستگەیەک ی ماتۆرسکیل تێپەڕیم و بینیم دوو پیاو یارییەک دەکەن، نەمزانی شەترەنجە، بەڵام لێمروانی و زۆر سەرنجیان راکێشام، بۆ بەیانیەکەی بە باوکم گوت ئەوە چ یارییەکە؟ باوکم گوتی ئەوە یاری شەترەنجە و لەهەمووش گرنگتر پێی گوتم من و مامت ئەو یاریی دەزانین، ئیتر زۆری پێنەچوو ئەو یاریی فێربووم و بەردەوام لەگەڵ باوکم یاریم دەکرد، بەڵام هیچ کاتێک نەمدەتوانی لێی ببەمەوە، بەڵام رۆژ دوای رۆژ باییەخم زیاتر بەو یاریی دەدا.

چۆنێتی گوتنەوەی وانەی شەترەنج لە فوتابخانەکان؟

دواتر ئەو مامۆستایەی شەترەنج لەبارەی وانەگووتنەوەی شەترەنج لە قوتابخانەکان گوتی: لە قوتابخانەیەک وانەی شەترەنج بەچەند پۆلێک قوتابی دەڵێمەوە، ناتوانم بڵێم راهینەرم، بەس وەک مامۆستایەکی شەترەنج وانە دەڵێمەوە، بەتایبەتیش فێربوونی بنەما و یاساکانی شەترەنج ، هەروەها شێوازی چۆنیەتی بردنەوە و دۆڕاندن، فێریان دەکەین کە شەترەنج وەرزشێکە پشت بەخودی خۆت دەبەستێت، هانیان دەکەین بەردەوام زانستەکانی شەترەنج بخوێنن، بەڵام جیاوازییەک لەنێوان وانەی شەترەنج و وانەکانی دیکەی خویندن هەیە، لە شەترەنجدا ناتوانیت بەزۆر مندال فێری ئەو یاری یە بکەی، بەڵام ئەوەی ئارەزووی هەلەسەر هەیە دەتوانیت دەستی بگری و خانی بدەیت، بەمدوایە لە فلپین سەترەنج تارادەییەک پێشکەوت، بەڵام بەهۆی نەبوونی بودجەیەکی جێگیر ناتوانی بەڵێنی ئەوبدەیت کە ئاستەکە باشتر دەبیت، دڵنیام ئەگەر بوودجەیەکی جێگیری هەبێت، ئەوا لە لە ئایندەیەکی نزیک لە فلپین چەندین گراند ماستەر بەرهەم دەهێندرێت.

مان یونایتد

واز لە بڕۆنۆ ناهێنێت

راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان لە ئینگلتەرا ئەوە دووپات دەکەنەوە کە یانەی مانچستەر یونایتد ئامادەیە پارەیەکی زیاتر بدات لەپێناو دەسکەوتنی برۆنۆ فیرناندیزی یاریزانی سپۆرتینگ لیشبۆنە.

بەگوێرەی هەواڵەکان پێشتر مان یونایتد بڕیک پارەی خستبووە بەردەم یانە سکۆتلەندیەکە، بەڵام ئەوان ئەمەیان ڕەتکردەوە، ئێستا یانە ئینگلیزییەکە ئەو بڕە پارەیەی بۆ 55ملیۆن جونەیهی ئیستیرلینی زیاد کرد و سووڕە لەسەر ئەوەی سپۆرتینگ رازی بکات و ئەو یاریزانە ببات ڕیزەکانیەوە.



پێویستی خوێندنی وانەی شەترەنج لە قوتابخانەکاندا

ئیمان ئەکبەر محەمەد*

ئەمڕۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونی میللەتانی دیکەی دونیا بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجی وڵات، لایەنێکی حاشا هەڵنەگرە، لە ئێستادا لە زۆربەی وڵاتانی دونیا وەرزشی شەترەنج وەک ئامانجێک بۆ بەرەوپێشچوونی وەرزش لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێت.

یەکێک لە کۆمیتە بنچینەییەکانی یەکیتی نێودەوڵەتی شەترەنج، (کۆمیتەی شەترەنجی قوتابخانەکانە)، ئەمەش بەواتای گرنگی فێربوون و خوێندنی شەترەنجە بۆ منداڵان و هەرزەکاران، ڕۆژ دوای ڕۆژ قوتابخانەکانەی زیاتر لەسەرتاسەری جیهان بەگرنگی و نرخی شەترەنج ئاشنا دەبن، و لەبەرنامەی خوێندن و ستانداردەکانی خۆیان گرنگی پێدەدەن و جێگای دەکەنەوە.

سوودەکانی شەترەنج

خوێندن و ڕاهێنانی شەترەنج هەڵگری چەندین سوودە کە گرنگترینیان:

1- بۆ نیشاندانی ڕێز بە بەرامبەرەکەی، بۆ نموونە ئەگەر دەستی لە هەرکامێک لەو ئالەتانەی یاری پێدەکریت لەشەترەنج، ئەوا پێویستە جولەی پێ بکات، یان ئەگەر جولەی پێکرد، نابێ ئینکاری لە جولەکەیدا بکات.

2- فێربوونی بڕیارەکان و چۆنێتی یاریکردن، تەنانەت جولەکردن بە ئالەتەکان تا ڕادەیەکیش لای منداڵان ئاسانە.

3- تەمەنی فێربوونی لەبارە و منداڵان لە چوار سالیشەوە دەتوانن فێری شەترەنج بن.

4- یەکێک لە یاریبە پر لەلایەنگیرەکان و هەروەها بەهۆیەوە دەتوانرێت میدالیا لە پێشبڕکێی ئۆلۆمپیادی جیهانی بەدەست بهێنێت.

5- مەرجی ڕەگەزی نییە، هەموو ڕەگەزێک کچ، کوڕ، پیر، پەککەوتە، هەژار، دەوڵەمەند دەتوانیت فێری ئەو یاریبە بێت و بەشداری پێشبڕکێیەکاندا بکێن.

6- شەترەنج هەم هونەرە و هەم زانستە، گرنگتر لەمانەش، یاریبەکی ڕووبەڕووبوونەوەیە داهێنەر و دڵخۆشکارە، وەک هەر یاریبەکی دیکەی تۆپی پێ و باڵە و تێنس.

کاریگەری لەسەر دەروونی کەسەکان

وەرزشی شەترەنج بەشێوەیەکی گشتی، کاریگەرییەکی باشی لەسەر دەروونی کەسەکان بچێدەهێڵێت کە بریتیە لە:

1- فێربوونی بیرکردنەوەیەکی دروست و کاریگەرە.

2- فێربوونی بەرنامەدانانێکی باش و دروست و بەهێزکردنی بیرکردنەوە و گومان لای کەسەکان بۆ بیرکردنەوە لە نەخشە و پلان و ئەگەرە جیاوازەکانی بەرامبەر.

3- فێربوونی هەڵسەنگاندن و گەڕان بۆ خاڵە لاوازەکانی بەرامبەر و زانینی توانای خۆی، دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و دۆزینەوەی باشترین ڕێگەچارە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

4- فێربوونی چۆنێتی گەیشتن بە زۆرترین وردبوونەوە و بیرکردنەوەی قوڵ.

5- نیشاندانی ئەنجامی بڕیاردانی کەسەکان و نیشاندانی هەڵەی خێرا بڕیاردان.

6- وەرزشێکە کە ئەگەر براوەبووی، ئەوا بە بردنەوەیەکی دڵخۆشکەر گەیشتووی، ئەگەر دۆڕای ئەوا بە دۆڕاوێکی باش گەیشتووی.

7- براوە لەشەترەنج دەبێتە هۆی باوەربەخۆبوون و گەورە بوونی نەفسی لای کەسەکە.

8- وەرزشیکە دەبیتە هۆی بیرکردنەوەی فراوان و دوورکەوتنەوە لەخەیاڵ، یاریبەکی شەڕانی نییە، یاریبەکە چۆنیتی بردنەوە و سەرکەوتنت فێردەکات.

کاریگەری فێربوونی شەترەنج لای منداڵاندا

شەترەنج وەرزشیکە بیرکردنەوەی مرۆڤ بەهێز و فراوان دەکات، دەتوانین بڵێین لەیاریبەک زیاترە، ئەوەی ئەو یاریبە دکات ئەو توانایەی پێدەبەخشی کەوەک خۆی بیربکاتەوە و هۆکارێکە بۆ پەروەردە لەڕێگای ڕاهێنانی منداڵان لەکاتی بڕیارەکان و هەروەها یاساکانی ئەو یاریبەدا.

بەهرەمەندی فێری منداڵان دەکات، بۆیە پێویستە لەبچوکترین هەڵدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان منداڵان هەوڵ بدەن، باشترین و کاریگەرترین ئامرازە بۆ ئامادەکردنی منداڵ لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ژیان، شەترەنج فێری ئەوەت دەکات لەکاتە سەختەکاندا بڕیاری دروست بدەی.

شەترەنج یاریبەکی بیرکردنەوەیە کە کە زیاتر لە 6ملیۆن کەس سەرقاڵی ئەو یاریبەن، دەروونناسان و تۆێژەرانی وەرزشی جیهانی لەناوەراستی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەنجامی تۆێژینەوەکان گەیشتنە ئەو ڕاستییانەی کە شەترەنج کاریگەری لەسەر قوتابیان و منداڵاندا هەیە.

* کاندیدی ناوەڕۆی نێودەوڵەتی

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu.23. Jan. 2020 No: (5917)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەنگبێژ سلێمان حاجی عەلی:

شیعر و سروودی ئایینی بەشێکە لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە

وەزارەتی ئەوقاف تەنها لەکاتی بۆنە ئایینیەکانی وەک مەولود، دەنگبێژ و و شیعر و سروودی ئایینی لەبیرە



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین

سروودی ئایینی بەشێکی دانەبڕاو لەهونەری هۆنراوە و گۆرانی و هونەرمەگشتی،وەلێ ئەوانەی لەکوردستان سروودی ئایینی دەچڕن گلەییان هەیە ،لەم دیمانەیەداکە لەگەڵ بەڕێز (سلێمان حاجی عەلی) سازماندا یەکێکە لەو هونەرمەندانەی لەسالی (1997) سروودی ئایینی دەچڕێت، بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی خەباتی دایەوە:

تایبەتمەندی شیعر و سروودی ئایینی و غەیرە ئایینی لە چیدایە؟

تایبەتمەندی شیعر یا سروودی ئایینی لە گەڵ شیعر و سروودی غەیرەئایینی لەڕوی ئەدەبییەوە خاوەن هەمان تایبەت مەندین،و جیاواز نین چونکە شیعری غەیرە ئایینی لەهەستو سۆزەوە دێت و وەسفی بابەتێک یان شتێک دەکات شیعری ئایینیش هەروایە ،وە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوی ئەدەب بەتایبەت ئەدەبی کوردی دەبینین هەمو ئەوانەی شیعری غەیرە ئایینیان نوسیوە پیاوانی ئایینی بون لەشێخ و مەلاکان هەر ئەوانیش شیعری ئایینیان نوسیوە،بۆیە دەکرێ بڵێین وەک یەکن، بەڵام ئەوەی شیعری ئایینی لە سروودی غەیرە ئایینی جیادەکاتەوە ئەوەیە کە شیعری ئایینی تایبەتە بە وەسف و پیا هەڵدانی ئاسمانی و خوداوەند و پێغەمبەر.

بڕچی سروودی ئیسلامی تاوەکو ئێستا وەک پێویست لەناو کورد وەک سروودی نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان پەرەی نەسەندووە ؟

چونکە لەهەموو سەر دەمەکان کە بە میژووی کوردی دا بچوینەوە دەبینین زۆرترین دژایەتی کە بۆ شیعر و سروود هەبووە دژایەتی بوە بۆ شیعرو ئەدەبیاتی ئیسلامی بەهۆی ئەوەی لەناو ئیسلام بیرو بۆچونی زۆر هەیە کە دژی ئەدەبیاتی ئیسلامیە ،وە دەکرێت بڵێین ڕەخنە گرانی ئەدەبیش هۆکاری ئەوەن کە شیعری ئیسلامی پێش نەکەوێت چونکە ڕەخنەگرانی شیعر لەناو کورد زۆرتر بیرو بۆ چونیان دوربوە لە ئیسلام بۆیە زر ڕەخنە گیراوە لە شیعری ئیسلامی و ڕێگر بوە کە پێش کەوێت و بڵاو بێتەوە.

بڕچی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک لایەنێکی مەعنی گرنگی بە سروودی دینی نادات، ئایا ئەمە لەبەر نەبوونی سروود بێژی دینییە یان هۆکاری دیکەی هەیە ؟

لەڕاستیدا وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرام بەر هەموو بوارەکانی هونەر کەمتەرخەم بوە بە ئەدەبیاتی ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەوە.بەڵام دەکرێت بڵێین دوو هۆکارە یەکێک لەهۆکارە کان نەبونی دەنگ بێژی ئیسلامی ئەکادیمی و لێزانە یان دەتوانین بڵێین ژمارەیان کەمە کەهۆکارە بۆ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کار بۆ شیعری ئیسلام نەکات،وە ڕۆشنبیری ئیسلامیشمان کەمە کە ببێتە سەردەستەیەک بۆ ئەوەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ئیش لەسەر شیعر و سروودی ئیسلامی بکات..

وەزارەتی کاروباری ئایینی تاچەند هاوکارە بۆ بەرهەم هێنان و تۆمارى سروودی ئایینی ؟

لەڕاستیدا وەزارەتی ئەو قاف بەس کاتی بۆنە ئیسلامیەکانی وەک مەولود دەنگبێژو و شیعر و سروودی ئایینی لەبیرە دەنا هیچ هەنگاوێک نابینرێت لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف و کارو باری ئایینی کە کار بکات بۆ گەشەو بڵاو بونەوەی ئەوە بکات لە کاتێکدا شیعر و سروودی ئایینی بەشێکە لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە.

پارلەمانی کوردستان لەسەر لابردنی دێری) دینمانە ئایینمان هەر نیشتیمان) مشتومڕی زۆری لەسەر سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب کرد، ئایا پێتان وانییە حیزبە ئیسلامیەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی حکومەت وەک پێویست لا نەکاتەوە لە سروودی ئایینی؟

وەک پێشتر ڕوونم کردەوە لەناو ئیسلام بیرو بۆچونی زۆر هەیە کە لەیەکتر جیاوازن ، هەندێک ئەو بازاری دەفە و سروودە هەر بە بیدعەو داهێنان دەزانی و قبوڵی نیە ،کە نمونەی ئەوانە حیزبە ئیسلامیەکانن یا ڕێبازو ڕێگای سەلەفیەتە کە هۆکار و ڕێگرن بەرام بە گرینگی پێدانی ئەو سروودانە لە لایەن حکومەتەوە، بۆ مەسەلەی شیعری ئەیڕەقیبش زۆر ئاسایە چونکە شیعر زادەی ئاین و باوڕ نیە ،بەڵکو هەڵقوڵاوی هەستوسۆزەو دەربڕینی ناخی شاعیرە بۆیە پێویست نیە پەلەمان خۆیەو بابەتەوە خەریک کات،بەڵکو پێویستە حکومەت و پەرلە مان و حیزبە ئیسلامیەکانیش لە خەم پێشبردنی ئەدەبیاتی ئیسلامی بن چونکە ئێمە خاوەن نەتەوەیەکی مسوڵ مانین.

سروودی ئایینی بەحەساسیەتەوە لەلایەن محافزکارەکانی هێزە ئیسلامیە کوردیەکان مامەلەی لەگەل دەکرێ ، ئایا لە ئایینی ئیسلامدا سروود هەڵگری ئیشکالی گەورەیە ؟

لەڕاستیدا لەلایەن هەموو حیزبەکانیشەوە دژایەتی ناکرێ ئێمە حیزبی ئیسلامیمان هەیە خاوەن تەلەفزیۆن و ڕادیۆیەو کار لەسەر سردی ئایینیش دەکات،دەکرێت بڵێن ڕەوتی سەلەفی و وەهابییەتە ڕێگرە لەو بابەتە ،دەنا تەریقەت و تەسەوف وە ئیسلامی ڕۆشنبیری میان ڕەو قبوڵی شیعر و سروودی ئایینیەتی و هیچ ئیشکالێک نابینی ،وە بە بۆچونی ئێمەش ئیشکال لە شیعری ئایینی دانیە چونکە هەمووی بریتیە لە وەسف بۆ خوداو پێغەمبەر وە باسکردنە لە وەبیر هێناوەی قەبر و قیامەت پێم وانیە ئەوەش ئیشکالی دینی هەبێت.

بەرای ئێوە چی بکرێ باشە بۆ ئەوەی سروودی ئایینیش وەک سروودەکانی دیکەی نیشتمانی بایەخ وگرنگی پێبدرێت؟

پێویستە شاعیرانی تازە وەک شاعیرە کۆنەکان شیعری ئایینی بنوسن، وە هونەر مەندوو ئاواز دانەرەکانی کوردیش کار بکەن بۆ ئاوازی دینی و ئاوازی تازە بێنە کایەوە بۆ شیعری ئیسلامی، پێویستە شۆێنێکیش بکرێتەوە وەک ئەکادیمیایەک بۆ پێگەیاندنی دەفزەن وو دەنگ بێژ کە ئەوە ئەرکی حکومەتە، دەنا پێم وانیەی لە کوردستان هاندەری سروودی ئایینی کەمتر بێت لە باقی هونەرەکانی دیکە.

پێویستە شۆێنێکیش بکرێتەوە وەک ئەکادیمیایەک بۆ پێگەیاندنی دەفژەن و دەنگبێژ کە ئەوە ئەرکی حکوومەتە



کەمبوونەوەی قەڵەوی بەخواردنەوەی شیر



لە مالپەری ساینس دەیلی ، بابەتێک بە ناونیشانی " کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی بە خواردنەوەی شیری پر چەوری"، بڵاو کراوەتەوە، کە تێیدا ئاماژە بەوە دراوە :ئەنجامی توێژینەوەیەکی نوێی زانستی پیشانی داوە کە ئەو منداڵانەی کە شیری پر چەوریان خواردبۆوە بەرێژەی 40لە سەدا کەمتر لە هاوتەمەنەکانی خۆیان کە شیری کەم چەوریان خواردبۆوە، لە مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی و زیادە کێش دابوون. توێژەرانی زانکۆی سەنت مایکل تۆرنتۆ لە توێژینەوەی نوێ لە 28وڵاتی جیاوازی جیهان لە سەر خواردنەوەی شیری مانگا و مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی و زیادە کێش لە سەر منداڵان ئەنجامدرا، تاوتوێکران.ئەنجامی ئەو 28توێژینەوەیە کە لە سەر 21هەزار منداڵ لە سەرانسەری جیهان ئەنجامدرا، پیشانی نەدا، کە ئەو منداڵانەی کە شیری کەم چەوریان خواردبۆوە کەمتر لە مەترسی قەڵەویی و زیادە کێش دا بوو ، لە بەرامبەردا، 18حاڵەتی ئەو توێژینەوەیە پیشانی دا کە ئەو منداڵانەی کە شیری پر چەوریان خواردبۆوە، کەمتر تووشی زیادبوونی کێش و قەڵەویی ببوونەوە.

شاکیرا نهێنی هاوسەرگیری نەکردنی لەگەڵ پیکێ ئاشکرا دەکات



هەمزە سەرحان

گۆرانیبێژی کۆلۆمبی، شاکیرا، هۆکاری ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری لەگەڵ یاریزانی ئیسپانی پیکێ، ئاشکرا دەکات.لەگەڵ ئەوەی شاکیرا ماوەی 10ساڵە پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ پیکێ هەیە، خاوەنی دو منداڵن بەڵام تا ئێستا ژیانی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوە، شاکیرا لە میانەی چاوپێکەوتنێکدا لە بەرنامەی "60 Min-utes"دەربارەی ئەو بابەتە ڕونکردنەوەیدا و ڕایگەیاند "ڕاشکاوانە دەڵێم، من ترسم لە هاوسەرگیری هەیە، نامەوێت پیکێ من وەکو هاوسەرێک ببینێت".وتیشی "دەمەوێت وەکو دو خۆشەویست بەم شێوەیەی ئێستا بمێنینەوە، بەم شێوازە تێدەگات دریژەدان بە پەیوەندیەکەمان بەندە بە ڕەفتاری هەردوکمانەوە نەک هاوسەرگیری".پەیوەندی خۆشەویستی شاکیرا و پیکێ لە ساڵی 2010 دەستی پێکرد، گۆرانی "وەکا وەکا" بو بەهۆکاری یەکترناسینیان، دوای ساڵێک شاکیرا ئاشکرایکرد کە پەیوەندی لەگەڵ پیکێ هەیە، لە ئێستادا خاوەنی دو کوڕن بە ناوی میلان و ساشا.

ملیارێک کەس (واتساپ) بەکار دەهێنێت



سەرچاوەیەکی کۆمپانیاکە بە ڕۆژنامەی "زە سەن"ی بەریتانی وتوە، ئەپلیکەیشنی واتساپ بۆ پەیوەندیکردن زیاتر لە ملیارێک کەس لە سەر گۆی زەوی بەکاریدەهێنن، بەڵام ئیتر لەسەر هەندێک جۆری مۆبایلی پرۆگرامی ویندۆز، یاخود ئەپڵ و ئەندرۆید کارناکات.

خودی کۆمپانیاکەش لە بەیاننامەیەکدا ڕونیکردوەتەوە، بەکارهێنەرانی مۆبایلی خاوەن سیستمی -ویندۆز فۆن- لە پاش 31ی ئەم مانگەوە کارناکەن. هەروەها ئەو کەسانەی مۆبایلەکانیان سیستمی ئەندرۆید 2.3.7ی لەسەرە یاخود سیستمەکانی پێش ئەوەش ناتوانن لە 1-1-2020وە واتساپ بەکاربهێنن یاخود هەژماری نوێ بکەنەوە. هەمان ڕێگری بۆ خاوەن مۆبایلەکانی ئایفۆن "سیستمی ئای ئۆ ئیس "8و پێش ئەوەش دروستدەبێت. بەگوێرەی هەندێک داتا، 0.3 لەسەدی ئامێرەکانی سیستمی ئەندرۆید تائێستا بە سیستمە کۆنەکە کاردەکەن، کە دەکاتە نزیکەی شەش ملیۆن مۆبایلی سمارت و ئایپاد.

ڕۆژنامە ئینگلیزییەکەش ئامۆژگاری بەکارهێنەرانی واتساپ دەکات کۆپییەک لەو گفتوگۆ و داتایانەی ناو واتساپەکەیان هەڵبگرن نەوەک هەمووی بسڕێتەوە.